# سپارتاكۆس

## نوێنەری ڕاستەقینەی پرۆلیتاریا لە چاخە کۆنەکاندا

نوسینی: ئالان ودز

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شاڵاو یاسین

نێگەتیف
Negative

2018

لە سەدەی یەکەمی پێش زاینیدا، کۆیلەیەک بە ناوی سپارتاکۆس هێز و جەبەرووتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمای کۆنی هەژاند، بە هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینیکی بەرفراوان و گەورە. لەژێر سەرکردایەتیی سپارتاکۆسدا، باندێکی بچووکی یاخیبووی گلادیاتۆرەکان[1] بۆ سوپایەکی فراوانتری شۆڕشگێڕی پەرەی سەند، کە ژمارەیان نزیکەی ١٠٠٠٠ گلادیاتۆر و کۆیلە دەبوون. لە کۆتاییدا تەواوی هێز و سوپای ڕۆمای دێرین، هەڵمەتێکی سەرتاپاگیریان دەستپێکرد بۆ دامرکاندنەوە و تێکشکانی شۆڕش و یاخیبوونەکە. سەرباری ئەوەی سپارتاکۆس شایستەی ناو و ناوبانگ بوو هەم وەک لیدەر و خەباتکارێکی شۆڕشگێڕ هەم وەک یەکێک لە دیارترین ڕابەرە دیار و دەرکەوتووەکانی چاخی دێرین، بەڵام تاکو ئێستا بە تەواوی شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەم مرۆڤە شۆڕشگێڕە نازانین.

هەمیشە ئەوە براوەکانن مێژوو دەنووسنەوە و دەنگی کۆیلە و بەندەکانیش لە تەواوی سەردەمەکەدا تەنها لە نێو ژمارەیەک لە چینی چەوساوەکانەوە دەبیسترێت. ئەو کەمە زانیارییەش کە پێمانە دەربارەی سپارتاکۆس لەلایەن بژاردەیەک لە دوژمنە بەدەکانی کۆیلەکانەوە نوسراوەتەوە و ماوەتەوە. هەموو ئەو تۆمارە مێژووییانەش کە لە فەوتان ڕزگاربوون زۆربەی زۆری لە لایەن مێژوونووسە ڕۆمانیەکانەوە یاداشتکراون. لەبەرامبەر ئەوەشدا هەندێک لەو تۆمارانەی کە ماونەتەوە لەگەڵ یەک دژ و ناکۆکن.

چەندین ڕابەری تری شۆڕشگێڕ شانبەشانی سپارتاکۆس تێکۆشانیان دەکرد لەوانە: کریسۆس، کاستۆس، گەنیکۆس، لە گەڵ ئۆنیمۆسدا– ئەم گلادیاتۆرانە زۆربەیان خەڵکی وڵاتانی ئەڵمانیای ئێستا و ڕۆژئاوای ئەوروپا بوون. بەڵام ئەم گلادیاتۆرانە بەراورد بە سپارتاکۆس کەمتر ناسراون. مێژوو هەمیشە لەڕوانگەی «سەرکەوتووان»ـەوە نوسراوەتەوە، و دڵسۆزانە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیی سایکۆلۆژی و کەڵکەڵەی چینی دەسەڵاتداران بووە. هەوڵدان بۆ تیگەشتن لە شۆڕشەکەی سپارتاکۆس لەو جۆرە سەرچاوانەوە، هەوڵدانە بۆ تێگەشتن لە شۆڕشەکەی لینین لەو سەرچاوە بەدگۆ و درۆیانەوە کە لە لایەن دوژمنانی شۆڕشی ڕووسیاوە

---

[1]. زۆرانبازیی ڕۆمای دێرین (گلادیاتۆر): شەڕێکی سەختی یەکلاکەرەوەوە بوو، لەنێوان دوو کەسدا زۆر جاریش ئاژەڵی دڕندە و کێوی بەردەدرایە گیانی گلادیاتۆرەکان ئەمەش بۆ ئەوە بوو تاوەکو دانەیەک، دانەیەکی تریانی دەکوشت. ئەم شەڕانە تەنها بۆ خۆشی و کات بەسەربردنی بەرپرسان و گەورە پیاوانی دەوڵەت بوو، مەیدانی شەڕەکانیش شوێنی تایبەتی هەبوو، جەنگاوەران لە خوارەوە و تەماشاچیان لە دەورووبەری یاریگاکە دادەنیشتن وە بەرپرسانیش لە سەنتەری یاریگاکەدا بوون– و

نوسراوەتەوە. لەڕێگەی ئەم ئاوێنە شێوێنراوەوە دەتوانرێت نیگایەکی دلبەرانە لە سپارتاکۆسی ڕاستەقینە بگرین.

*پلوتارخ دەنوسێت :*

«بۆ گرتنی شوێنێکی پارێزراو، هەمیشە سێ کاپتن هەڵبژێرە، لەوانە سپارتاکۆس وەک ڕابەر، (تراکیان) کە یەکێکن بوون لە تیرە کۆچەرییەکان، لەگەڵ مرۆڤێک، کە نەک بە تەنها ڕۆحیەتێکی نەبەرد و باڵای هەبێت، بەڵکو لە تیگەشتنیشدا مەرجی جوامێری خۆی بەرز ڕابگرێت، زیاتر لەوەش گریکییەک بێت وەک لەوەی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بێت».

ئەم وشانە لەبەر ڕۆشنایی شەخسی و لەلایەن دوژمنێکەوە پێشکەش بە سپارتاکۆس کراوە، کە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە. هەرچەند دژوار نییە بۆ دۆزینەوە. مرۆڤیک کە یەک سوپای مەزنی ڕۆمای بەزاند و سەرەنجامیش چۆکپێدادانی، وادەکات بڵێین خەسڵەتێکی سەرسوڕهێنەری نائاساییە. تەنها بەم ڕێگەیە کۆمێنتاری ڕۆمانییەکان دەتوانن دەست بە جاڕدانی ئەو فاکتە بکەن و بڵێن "کۆیلە تەنیاکان" بەئاسانی لەشکرە نەبەزە ئەفسانەییەکەی دوژمنیان تێکشکاند.

مێژوونووسە ڕۆمانییەکانی دیکەش هەوڵی ئەوەیان داوە سپارتاکۆس وەک خوێنێکی شاهانەیی بناسێنن، بە تەواوی لە بەرهەمان هۆکار کۆشاون بۆ ئەوەی خەسڵەتێکی خودایی و بان-سروشتی پێ ببەخشن. یان دەڵێن خێزانەکەشی هەوڵیداوە ببێت بە ژنە کەشیش، وە هەروەها شتی تریش. هەموو ئەمانەش بەشێکی ڕوون بوون لە پڕوپاگەندەی ڕۆمانییەکان مەبەستی سەرکیش بۆ نیشاندان و ناساندنی سپارتاکۆس بوو وەک کەسێکی زۆر تایبەت دوور لە وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی. بەم ڕێگەیە دەیانویست ئەو دیمەنە شەرمەزارکەر و ئەو هەستە ئابڕووبەرەیە کەمبکەنەوە کە کەوتبووە سەر چینی باڵادەست ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە لەشکری ڕۆمەکان لە لایەن کرێکاری کێڵگەکان، خزمەتکارەکان و گلادیاتۆرەکان بەزێنرابوون.

بنەچەی ڕاستەقینەی بوونی سپارتاکۆس بە تەواوی دیار نییە و نازانرێت لە کوێدا لە دایکبووە، هەر وەک سەرچاوە دێرینەکانیش ناکۆکن لە سەر دیاریکردنی ئەو شوێنەی تێیدا هاتووە، هەرچەندە دەڵێن پێدەچێت دانیشتووی ڕەسەنی "سرەیس" بێت کە دەکاتە (بولگاریا)ی ئێستا بەڵام ئەمە تاکو ئێستا بەلێڵی ماوەتەوە. وا مەزەندەش دەکرێت ڕاهێنانی سەربازیی کردبێت و ئەزمونی سەربازیی بینبێت، تەنانەت وەک کرێگرتە پەیوەندیی بە سوپای ڕۆمەوە کردبێت.

هەروەها پلوتارخ دەڵێت، خێزانی سپارتاکۆس 'ژنە پەیامبەری هەمان هۆزەکەی سپارتاکۆس بووە، کە بە یەکەوە و پێکڕا کراون بە کۆیلە. بە هەر شێوەیەک بێت' سپارتاکۆس بە کۆیلە کراو لە مەزادێکی ئاشکرا بە مەشقکارانی گلادیاتۆرەکانی شاری کاپۆ کە شارێکی ئێستای ئیتالیایە، فرۆشرا. 'ئەپیان' کە مێژوونووسێکی گریکی بوو دەڵێت سپارتاکۆس "بەپێی لەدایکبوون خەڵکی ترەیشنە یان تراقیانە. کە یەکجار وەک سەرباز لە سوپای ڕۆمانەکاندا خزمەتیکردووە، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانەدا بەند بووە پاشان بۆ ئەوەی بیکەن بە گلادیاتۆر فرۆشراوە. 'فلۆرۆس'یش کە مێژوونووسێکی ڕۆمای کۆن بووە، دەڵێت سپارتاکۆس لەپێشدا دەبێت بە سەربازێکی ڕۆمانی، پاشان هەڵهاتووە و بووە بە چەتە و تاڵانکار، دوای ئەوەش لەبەر ڕەچاوکردنی هێز و قودرەتی ئەو، بووە بە گلادیاتۆر.

## شۆڕشی گلادیاتۆرەکان

چرکەساتی 'ڕاپەڕینەکە'ی سپارتاکۆس، کۆماری ڕۆمەکانی داخڵی قۆناغێکی پڕ لە هەراوهوریا کردەوە، ئەمەش کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتیی سزارەکان دەهێنا. ناوچەی جوگرافی ڕۆما لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەکشا، جەنەراڵە بەرزخوازەکان لە هەوڵی درووستکردنی ناوێک بوون بۆ شەڕی ئیسپانیا و مەکەدۆنیا، پاشان نەخشاندنی پیشە و ژیانی سیاسی لە ڕۆم. ڕۆم تا ئەوکات کۆمەڵگایەکی میلیتاری و عەسکەری بوو، جەنگەکان لە کەشوهەوایەکی نوێی جەماوەری پڕ لە جۆشوخرۆشی پێکدادانی گلادیاتۆرەکان ڕێکدەخرا. لە کاتێکدا گلادیاتۆرە سەرکەوتووەکانی نێو زۆرانبازییەکان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پیرۆز دەکران، بە پێی پلەوپایە و پەیکەرەی کۆمەڵایەتی، گلادیاتۆرەکانیان سزا دەدا؛ لەڕاستییدا، هەندێک لە گلادیاتۆرەکان زۆرجار بە تاوانی جیاجیا گوناهبار دەکران. ئەوانی تریش کە دەمانەوە دەکران بە کۆیەلە. لەم کەشوهەوایەدا کۆیلەبوون بە نزیکەیی و بە گوێرەی سێ کەسی ئیتاڵی ڕەچاودەکرا. کۆیلەکان لە ڕووی یاساوە بەرپرسیاربوون بەرامبەر هەر سزایەکی توند و ستەمکارانە کە لە لایەن خاوەنەکانیانەوە دەکرایە سەر، ئەمەش لەکاتێکدا سزای مردن بۆ ڕۆمانیە ئازادەکان بە ڕێوشوێنی ئاینی و بە شێوەیەکی مرۆڤانەتر جێبەجێدەکرا؛ بەڵام کۆیلەکان بە شێوازی هەڕەمەکی و زۆر ناشرین لە خاچدەدران و دەکوژران.

سپارتاکۆس لە قوتابخانەی گلادیاتۆرەکان کە بە ناوی(لودەس) نزیکی ئیتالیای ئێستا مەشق و ڕاهێنانی کرد، ئەم شوێنەش دەگەڕێتەوە بۆ لێنتولەس باتیاتەس. هەر لێرەش بوو سپارتاکۆس لە دەوروبەری ساڵی ٧٣ پێش زاینی ڕابەرایەتی شۆرشی گلادیۆتارەکانی کرد لەگەڵ ٧٤ چوار گلادیاتۆری دیکەدا، ئەوان سەرەتا خۆیانیان پڕچەك کرد، پاشان سەرکەوتن بە سەر پاسەوانەکان و دواتریش هەڵهاتن و دەربازبوون. هەر لەم سۆنگەیە بوو پلوتارخ  لە بەشێکی کتێبی مێژووی ڕۆماندا کە لەژێر ناونیشانی، ژیانی کراسۆسدا : کە دەڵێت..

**شۆڕش و یاخیبوونی گلادیاتۆرەکان و کاولکردنی ئیتالیا، بەگشتی پێی دەڵێن جەنگی سپارتاکۆس، هەر بەم هۆیەشەوە دەستی پێکرد. لێنتولەس باتیاتەس کە بەرپرسی قوتابخانەی مەشقپێکەرانی گلادیاتۆرەکان بوو، تێیدا ڕاهێنانی بە گەلێک گلادیاتۆری مەزن لە شاری کاپۆدا کرد، کە زۆربەیان لە هۆزی لەم (گۆلەکان و تراکیان) بوون، بە مانا ئەمرۆییەکەشی واتا لە کەسانی ئەغریقی و تراقی بوون، لەم سۆنگەوە گلادیاتۆرەکان بۆیان نەبوو هیچ پرکێشی و هەڵەیەک ئەنجامبدەن، بەڵام بەسادەیی لە میانی زوڵم و ستەمی ڕاهێنەر و گەورەکانیان، لە بەندیخانەکان دیلدەکران و بۆ هەمان مەبەست بە گژیەکدا دەدران و هەندێکیان هەندێکی تریانی دەکوشت. دوای هەموو ئەمانە چەند هەزارێکیان پلانیان دانا بۆ هەڵهاتن لەو ژیانە ستەمکارانەیە، بەڵام ئاشکرابوون، هەندێکیان کە بە ئاگا بوون لە کاتی گونجاودا و پێش ئەوەی ماستەرەکەیان پێ بزانێت و پێشبینی هەڵاتنی گلادیاتۆرەکان بکات، ڕۆشتنە درەوە و خۆیان گەیاندە خواردنگایەک تێیدا چەقۆی گۆشتبڕین و شیش و چەند کەرەستەیکی تریان لە گەڵ خۆدا برد ژمارەی ئەو کەسانەش کە هەڵهاتن ٧٨ کەس بوون، پاشان ملی ڕێگایان بەرەو شار گرتە بەر، لە بەر ڕۆشنایی ئەم کردارەیان ئەو چەک و تفاقەیان کە کۆکردبوەوە بە چەند گالیسکەیەک گواستەوە بۆ شارێکی دیکە، بۆیە ئەم هەلەیان قۆستەوە و بەباشی خۆیانیان چەکدارکرد. پاش دەستەبەرکردنی چەکێکی زۆر و خۆچەکدارکردنیان. گلادیاتۆرەکان شوێنێکیان دەستنیشانکرد کە توانای بەرگریکردنی باشی هەبوو لە خۆ، پاش ئەوە سێ کاپتنیان دەستنیشانکرد، سپارتاکۆس وەک سەرۆک، ئەوی تریان تراکیان واتا (تراقی)بوو کە بە مانای یەکێک لە هۆزە ڕەوەندەکان دێت، و پیاوێکی دیکەش کە نەک تەنها بە ڕۆح و نەبەردییەکی باڵا، بەڵکو بە تێگەشتن و زیرەکییەکی ورد، و وە هەروەها زیاتر گریکی بوو وەک لەوەی خەڵکی وڵاتێکی تر بێت.**

بەم چەشنە، گلادیاتۆرەکان خۆیانیان بە چەقۆ و کەرەستەی خواردنگایەک چەکدارکرد و پاشان بە عەرەبانەیەکی پڕ لە شیر و شمشێر کە بە شێوەی جیاجیا بە دەستیان هێنابوو، بەرەو لێژاییەکانی کێوی ڤیسڤەس هەڵهاتن، ئەم شوێنەش دەکاتە ناپۆلی ئێستا. دەنگوباسی هەڵهاتنەکە چەندین کەسی تری هاندا بۆ

پەیوەندیکردن بە گلادیاتۆرەکان و شوێنکەوتنیان، لێشاوی بەردەوامی کۆیلەکانی لادێکان بەزوویی پەیوەندییان بە یاخیبووەکانەوە دەکرد، ژمارەی ئەوانەش پەیتا پەیتا زیادی دەکرد. گرووپی یاخیبووان لە ناوچەکاندا بڵاوبوودەبوونەوە و دادەمەزران، بۆ دابینکردنی خواردنیش هەندێک جار دەیاندا بە سەر کێڵگەکاندا. بەم شێوەیە یاخیبووەکان سەرکەوتنی بچووک بچووکیان بەدەستدەهێنا، ئەم سەرکەوتنە بچوکانەش هێمایەک بوو بۆ سەرکەوتنی گەورەتر. پلوتارخ بەردەوام دەبێت لە ڕوونکردنەوە و دەڵێت: "یەکەمجار، ڕووبەڕووی ئەوانە دەبوونەوە کە لە شاری کاپۆ دژ بەوان دەهاتنە دەرەوە، دەستیان دەگرت بە سەر ئەو برە چەکە تایبەتەی سەربازەکان، و پاشان بە جۆش و خرۆشەوە خۆیانیان لە هەر بەربەرییەت و شەرمەزارییەک دەتەکاند."

دەتوانرا وێنای ئەو کەیف و شادی سەرکەوتنە بکرێت کە توانیان لە ماوەیەکی کورتدا بەدەستیبێنن، لە هەمانکاتیشدا دەستەی گلادیاتۆرەکان ئەو جلە یەکپۆشە بازگانییەیان بە لاوە نا کە ڕقێکی زۆریان لێ هەبوو پاشان جلێکی گونجاویان پۆشی وەک سەربازێکی ئاسایی، نەک وەک کۆیلە. ئەم کەمە وردەکارییە هەندێ شتی دوورتری دەرخست کە زۆر بایەخدارتر بوو بەراورد بە چەک و کەرەستەکان. ئەویش نەشونماکردنی متمانە بوو، ئەوان تەنها دۆخی بەندەیی و ملەکەچیان ڕەتنەکردەوە بەڵکو هەروەها مێنتاڵیتەی بەندەییان ڕەتکردەوە. ئێمە هەمان شتمان لە هەر خەبات و شۆڕشیکدا لە مێژودا بینیوە، کاتێک کرێکارە ئاساییەکان – بنەچەی نەوەی کۆیلەکان – وێنەیەکی بەرزتر و ڕاستەقینەتری خۆیان دەکێشن و وەک ژن و پیاوێکی سەربەست و سەربەخۆ دەجوڵێنەوە.

ئەم یاخیبوونە کۆیلەییە تێکڕا ڕوداوێکی بێهاوتا بوو. کاتێک هەواڵی یاخیبوونەکە گەشتە ڕۆم، بوو بە هۆی دروستبوونی هەندێک نیگەرانی لە نێو دەسەڵاتدارانی ڕۆم، بەڵام نەبووە مایەی زەنگێکی زۆر مەترسیدار. لە چاخی ڕابردوودا، دووجار شۆڕشی کۆیلەکان لە سیسیل بەرپا ببوو، بەڵام ئەوەندەی نەبرد گەیشتە بنبەست، و ژیانی دەیان هەزار کەسی وێرانکرد. هیچ شک و گومانێک لە زەین و عەقڵی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران نەبوو بۆ ڕاگرتن و کۆنترۆڵکردنی تەواوی جیهان لەنێو دەستیان، تەنانەت دەرەنجامی ئەم ڕاپەرینەش هیچ جیاواز نەدەبوو لە گەڵ ئەوانەی پێش خۆی.

هەرچەندە لە یەکەم چرکەساتدا، فەرمانڕەوایەتی ڕۆمان سپارتاکۆسیان وەک مەترسیەکی جدی هەژمار نەکرد وەک دوایی بوو بە جێی مشتومڕی کۆمێنتاتۆرەکان (تێبینیدەرەکان). تەنانەت ئەنجومەنی پیران زەحمەتی ئەوەیان نەدایە بەر خۆ سوپایەک بنێرن بۆ سەرکوتکردنی یاخیبووەکان، بەڵکو تەنها هێزێکی ملیشیایی نەبێت کە خۆی لە ۳۰۰۰ کەس دەدا هەنارده کرد بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوان، ئەم هێزەش بە

تەواوی لە ژێر فەرمانی(دادپرسی رۆم) واتا کلاودیەس کلابەر بوو. ئەوان بە ئاشکرا گوزارشتیان لەوە دەکرد کە ئەمە تەنها ئەرک و کاری پۆلیسە و بە ئاسانی مامەڵەی لە گەڵ دەکرێت. دەسەڵاتدارانی ڕۆم پێیان وابوو کە ئەمە ژمارەیەکی کافی دەبێت بۆ سەرکوتکردنی ژمارەیەکی کۆیلەی چەکداری بەد. بەڵام کامپەکەی سپارتاکۆس بوو بە خاڵێکی ڕاکێشان بۆ کۆیلەکانی دەوروبەری ئەو ناوچەیە کە تێیدا دەژیان، چەندین هەزار هاوشێوی خۆیان پەیوەندیان بە سوپاکەی سپارتاکۆسەوە کرد. بە پێچەوانەی سەرباز و ئۆفیسەرە ڕۆمییەکان، کۆیلەکان شەڕێکی یەکلایکەرەیان دەکرد لە پێناو مانەوەدا. وە بە پێچەوانەشەوە، فەرماندەکانی ڕۆم لە سەرەتادا وا لە هێزی بەرامبەر تێگەشتبوون کە هێزێکی شلوشێواون و سوکو ئاسان چۆکدا دەنێن.

فاکتی سەرەکی و زانراو ئەوەیە کە شۆڕشگێڕان تەنیا دەیانتوانی لە ڕێگەی هێرشی گورجکبڕ و ئازایانەوە سەرکەوتن بە دەستبێنن. ڕۆمانەکان لە دەوروبەری شاخی ڤیسۆڤ گەمارۆی یاخیبووەکانیاندا، و ڕێگەی ڕاکردنیان لێگرتن. بۆیە کۆیلەکان خۆیان لە سەر شاخێکدا بە گەمارۆدراوی بینیەوە، تەنها یەک گوزەری سەخت و تەسک هەبوو بۆ دەربازبوون، ئەویش ڕۆمانەکان بە پاسەوان توندی کردبوون، کۆیلەکان لە هەموو لایەکەوە ئابڵوقەدرابوون، لە گەڵ بەرزی و نشێوییەکی سەخت و قەدپاڵی هەزار بە هەزار و لێژدا". بەڵام زۆری پێنەچوو لە تاکتیکێکی کتوپڕ و ناوازەی سەرکەوتوودا، سپارتاکۆس لە دارمێوەکان چەندین گوریسی درووستکرد، پاشان لە گەڵ هاوڕێیەکانیدا، لە کەند و لاپاڵی شاخکەوە واتا لە پشتەوەی سەربازەکانی ڕۆمدا بە هێواشی بە سەر شاخەکەدا داگەڕان، دوای ئەوەش هێرشێکی لە ناکاوو خێرایان کردە سەر جەنگاوەرانی ڕۆم.

*پلوتارخ بەم شێوەیە وەسفی بارودۆخەکە دەکات:*

لە سەر شاخەکەدا، گەلێک دارمێوی کێوی ڕوابوون" بۆیە کۆیلەکان هەڵسان بە پەرچکردنی لقوپۆپی درەخت ئەو دار مێوانە، چونکە پێویستیان بەوە بوو لە پلانەکەیان بە کاریبێنن، پاشان دەستیان بە تێوەئالاندن و درووستکردنی پەیژە بەهێز و درێژەکان کرد، بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە سەرەوە بەرەو خوارەوە شۆڕببنەوە، بەم چەشنە، بەبێ هیچ ترسێک، هەموویان ڕۆشتنە خوارەوەی شاخەکەوە بەڵام چەند دانەیەکیان نەبێت، ئەو دانەیان لە سەرەوە مایەوە بۆ ئەوەی چەکەکانیان بۆ فڕیداتە خوارەوە، دوای ئەوەش سەرکەوتوو بوو لە ڕزگارکردنی خۆیدا. ڕۆمانەکان هەموو ئەمانەیان پشتگوێ خستبوو، چونکە وایان دانابوو کە دێن بە سەریاندا و لە کاتی بێئاگاییدا دەتوانن پەلاماریان بەن. پاش ئەوەش کامپەکانیان تێکوپیک بدەن."

کلاودیەس گلابەر، پێشبینی سەرکەوتنێکی ئاسانی دەکرد بە سەر ژمارەی کۆیلەکان! پێ دەچێت زەحمەتی ئەوەی نەدا بێتە بەر خۆی کەرەستەی سەرەتایی (ئیحتیاتات) بۆ قایمکردن و پتەوکردنی کامپەکەیان بهێنایا. تەنانەت ئێشکگری پێویستی بڵاونەکردبوەوە بۆ پاریزگاریکردنی دەوروبەر، لەم کەینوبەینەدا ڕۆمانەکان باجێکی قورس و گرانیان دا بەم بێباکیەیان. زۆربەیان لە ناو جێگە خەوەکەیان کوژران، لەوانەش دادپرس" کلاودیەس گلابەر". ئەمە تیکشکانێکی ئابڕوبەرە بوو بۆ ڕۆمانەکان. دوای ئەو سەرکەوتنەش کۆیلەکان بونبە خاوەنی قەڵغان و چەکێکی زۆر. لەوەش گرنگتر، پەرەیان بە ڕوئیایەکدا کە**[دەجەنگن و دەیبەنەوە]**. ئەمەش گەورەترین دەستکەوت بوو بۆیان.

## ڕەوتکردنی سپارتاکۆس بەرەو باکور

سپارتاکۆس تاکتیککارێکی سەربازیی زیرەک بوو، مەیلی ئەوەی هەبوو جەخت لەو بیرۆکەیە بکاتەوە کە وەک سەربازێکی یاریدەدەر لە ژێر بەیداخی ڕۆمەکاندا خزمەتبکات. گەر ئەم قسەیە ڕاست بێت، ئەوا ئەو بە تەواوی بە تاکتیکەکانی سوپای ڕۆم ئاشنا دەبوو، پاشانیش خۆی فێری ئەو جۆرە تاکتیکانە دەکرد، بەم جۆرەش" شانبەشانی یەک لە گەڵ هاوڕیکانی، بە ئازایەتی و چاونەترسییەکی زۆرەوە کە خەسڵەتێکی زەروری شۆڕشە، دوژمنێکی گەورە و سامناکی پێ لە قاڵب دەدا. هەرچەندە، سوپاکەی سپارتاکۆس بە شێوەیەکی بنچینەیی، بونیادێکی هەژارانەی هەبوو بۆ نمونە لە ڕووی چەک و تفاقەوە بە هەمان شێوە لاواز و کەم کەرەستە بوون. تەنانەت ژمارەیەکی زۆریان کرێکاری کۆیلەی ڕانەهێنراوو بوون. ئەمەش ئەو تاکتیکەی کە گرنگ بوو خۆی دەسەپاند، کە لە سەرەتادا تاکتیکێکی بەرەنگارانە بوو. هەر بۆیە شۆڕشگێڕەکان یەکەمجار لە سەنگەری بەرنگارییدا بوون... پاش هەموو ئەوانە، یاخیبوان لە قەدپاڵی شاخێکی پڕ لە درەختی سەختدا خۆیان حەشاردا بوو، بۆئەوەی بە ڕێکوپێکی مەشق و ڕاهێنانی خۆیان بکەن، دوای ئەوەی کە ڕوبەڕویەکی سەختی حەتمی سوپای ڕۆمان دەبنەوە.

درک بەوە کرا کە دەستپێکی شەڕی یەکەم، دەرگا لە بەردەم جەنگێکی جدیترو ترسناکتر دەکاتەوە، سپارتاکۆس ئەو ئەرکەی بە گلادیاتۆرەکان سپارد کە ڕاهێنان بە گروپە بچوکەکان بکەن، پاشانیش ئەوان ڕاهێنان بە گروپی لەوان بچوکتر لە ئەستۆ بگرن تا دوایی.. بەم ڕێگەیە توانی لە هیچەوە سوپایەکی مودەڕەب و ئامادە ڕۆبنێت لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا. لەم سۆنگەیەوە یاخیبووەکان سەرباری نەبوونی

ئەزموونێکی سەربازی زۆر، پاڵەوانگەلێکی زیرەکی لە خەڵکی ئاسایی دروستکرد، کە لە پێناو مانەوەی ژیانی خۆیاندا دەجەنگین، یان بە دەربڕینێکی ئەدەبی" **کۆیلەکان هیچیان نەبوو لە دەستی بدەن تەنیا کۆت و زنجیرەکانایان نەبێت "..**

چەندین کێشمەکێش و ناکۆکی لە ناو سوپای ڕۆمدا سەریهەڵدابوو، ئەم کێشمەکێشانەش بە سەرکەوتن شکایەوە بۆ شۆڕشگێڕان . پابلۆس ڤارینۆس، دادپرسێکی دیکەی ڕۆم بوو، لە گەڵ دوو هەزار جەنگاوەردا نێردرابوون دژ بە یاخیبووەکان بجەنگن، دوای جەنگێکی سەخت هێزەکەیان شکا و پاشەکشەیان کرد. پاش ئەوەش "کۆزینۆیش بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ "هێزێکی ئێجگار زۆر[2]"دا نێردرا، ئەویش بە هەمان شێوە سەرنەکەوت و پاشەکشەیکرد. گەر چی بە زەحمەتێکی زۆر توانی ڕابکات. لە کاتێکدا سپارتاکۆس خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلی سوپای دوژمن بوو. کۆیلەکان توانیان دوای پاشماوەی سوپا تێکشکاوەکەی ڕۆمان بکەون، زۆرێکیان لێکوشتن. وە لە کۆتایدا، هوروژم[3]یان بردە سەر خێوەتگەی پاشماوەی هێزەکە و توانیان دەستی بەسەردا بگرن، پاشانیش خودی کۆزینۆش کە لێپرسراوی سوپاکەی ڕۆمان بوو کوژرا.

لەگەڵ هەر سەرکەوتنێکی لەو جۆرەدا، وره و مۆراڵی شۆڕشگێران نەشونمای دەکرد. ڕاپۆرتەکان کە بۆ ئەنجومەنی پیران دەڕۆشتن مڕومۆن و گرژوتاڵ دەخوێندرانەوە. بەرە بەرە، حەقیقەتەکە دەستی بە شۆڕبونەوە کردبوو تەنانەت بۆ زەینی زۆرینەی ئەریستۆکراتە بێمێشک و گەمژەکانیش، ئەوان هەستیان بە مەترسییەکی زۆر دەکرد بەوەی ڕووبەڕووی دوژمنێکی سامناک بوونەتەوە – ئەمەش بە جۆرێک بوو کەسێک کە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە شوێنی مۆنۆپۆڵکراو و کەرەستەی سەربازی بێت بە تایبەت لە نێو دڵی دوژمندا جێگەی مەترسییە، لە هەر کێڵگەیەکدا، لە هەرە ماڵ و موڵکدارێکدا، چەندین کۆیلە هەبوون، هەر یەکێک لەو کۆیلانەش وزە و پۆتێنشیاڵێکی نوستووی یاخیبوو بوو، بۆیە دەبوایە هەمیشە بە ترس و گومانەوە لێیان بڕوانینایە. دوا بە دوای ئەو خەبات و تێکۆشانە سەرکەوتووە، ناوبانگی سپارتاکۆس پشکووت. پەیامەکە بۆ هەمووان ڕوون بوو: زۆری نەماوە ڕۆمانەکان فەنابین.

---

[2]. with considerable forces

[3]. storm

ژمارەیەکی فراوانتری هەڵهاتووی کۆیلەکان پەیوەندیان کرد و دەستبەجێ لە باندێکی گچکەی شۆڕشگێڕییەوە گەشەیان کرد و بوون بە سوپایەکی پانوپۆڕ. بە پێی هەندێک لێکدانەوە، سوپای کۆیلەکان وا مەزەندە دەکران کە ژمارەیان گەشتبێت بە ١٤٠هەزار کۆیلەی هەڵهاتوو، بە جۆرێکی وا ڕاهاتبوون کە لە ژیانێکی سەختدا بژین، پاش چەندین ساڵ لە کارکردنی سەخت و دژوار، بە بێ دۆڕانی هیچ شتێک، وایکرد بەرامبەر ئەربابەکانی پێشوویان دەست بە یاخیبوون وخەبات بکەن. پلوتارخ دەنووسێت: هەروەها " چەندین" شوانکار و گاوان[4] کە لە وێرادا بوون، لە گەڵ چەندین هاوڕێی بە هێز و چاپووک، شۆڕشیان بە سەر ئەربابەکانیاندا کردبوو، بۆ هەندێک لەوان چەکی تەواو درابوو پێیان، هەندێکی دیکەشیان وەک پشکنەر بە کاردەهێنرا و هەندێکی کەش وەک سوسەکەر و دیدەوان سودی لێوەردەگیرا.

سوپاکەی سپارتاکۆس هەرچۆنێک بێت زستانی ئەو ساڵەیان بە سەربرد، واتا ساڵی ٧٣ پ.ز. پاشان خێوەتگەیان لە نزیک قەراغی باشووری دەریای ئیتاڵیا ڕاخست. بە پێی کات ژمارەیان زیاتر و زیاتر هەڵدەکشا، بڕی چەک و مۆڕاڵییەتیان زیادی کردبوو. لە بەهاردا، ملی ڕێگایان بەرەو باکور گرتە بەر، لەو بارەدا زیرەکیی پلانەکەیان[5] کە ڕەوتکردن بوو بە درێژایی خاکی ئیتاڵیا دەرکەوت، پەڕینەوە بە ئەلەب و ڕۆشتن بۆ گۆل" ( ئێستای فەرەنسا دەکات، واتا دەرەوەی کۆنترۆڵی خاکی ژێر دەستی ڕۆمییەکان) بە گوێرەی دانراوەکەی پلوتارخ بێت: بە شێوەیەکی ژیرانە ڕەچاوی ئەو خاڵە کرابوو، بەوەی نەدەکرا سپارتاکۆس هێزی خۆی هاوتا بکات بە هێزی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم، چوونکە سوپای ڕۆم زۆرتر و مەزنتر بوون. ئەو (سپارتاکۆس) سوپاکەی بە پیادە بەرەو ئەلەب جولاند و ئەمەش بە مەبەست بوو، کاتێک ناوچەی ئەلەپی تێپەڕاند، پێویست بوو هەر کەسێک بچوبایەتە ماڵ و نیشتمانی خۆی، هەندێک بۆ تراقیا هەندێکی تریش بۆ گۆل.

---

4 . shepherds and herdsmen

5. audacious plan

## دووبەرەکی لەنێو ڕیزی شۆڕشگێڕاندا

ئەنجومەنی پیرانی ڕۆم، تاکو ئەوکات لە نێو ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆردا بوو، بۆیە دوو سوپای گەورەی لە ژێر فەرماندەیی گالۆس پەبلیکۆلا و نایۆس کۆرنیلۆسدا دژ بە کۆیلە ڕاپەڕیوەکان ئامادەکرد و نارد. لێرەوە سپارتاکۆس ڕووبەڕووی چالنجێکی (ئالنگاری) جدی و مەزن دەبوەوە، بەوەی ژمارەی سوپای دوو فەرماندەکە دەگەشتە نزیکەی — ۱۰،۰۰۰ سەرباز- بە سەرکردایەتی کاسیۆس، کە حاکمی سەرەکی گۆل بوو" ( شاری گۆل دەکەوێتە قەدپاڵی شاخی ئەلەب — کە دەکاتە باکوری ئیتالیای ئێستا.و) سوپای ڕۆمان بۆ یەکەم جار سەرکەوتنێکی سنوورداریان بە دەست هێنا، ئەو دەمەی دەستەی گۆلیشیان بەزاند کریسۆس ڕابەری دەکرد، دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێو ڕیزی یاخیبووەکاندا هۆکاری سەرەکی ئەو شکستەیان بوو.

کارێکی ئێجگار سەخت و دژوارە بتوانرێت یەکێتی و دیسپلینی سوپایەک لە کۆیلە درێژە پێبدەیت و بپارێزیت هاوزەمان لە چەندین شوێنی جیاوازیشەوە هاتبن، هاوکات بە شێوە زاری جیاوز بدوێن، و خودای جیاواز جیاواز بپەرستن. ئەمەش پێویستی بە سەرکردەیەکی مەزن و پایەبەرز هەیە بۆ گەشتن بەمە، تەنانەت گەر سەکردەیەکی وایش هەبووبێت نەیتوانیەوە هەمیشە سەربکەوێت. کریسۆس و گالۆس ڕەفزی ئەوەیان کرد لە ژێر سەرکردایەتی سپارتاکۆس بجەنگن. ڕەنگە کریسۆس ویستبێتی لە ئیتالیادا بمێنیتەوە، لەوانەشە لە خشتەبرابێت بەوەی چاوەڕوانی تالانی و ڕاوڕووت بووبێت. سپارتاکۆس هەرچۆنیک بوو دەیویست بەردەوام بێت بەرەو باکور و پاشان بۆ گۆل. هەر وەک پلوتارخ ئاماژەی بۆ دەکات:

**بەڵام، ئەوان متمانەی تەواویان بە ژمارەی سوپاکەیان هەبوو، وە بە سەرکەوتنەکانیان سنگیان دەرئەپەڕاند و کەشوفشیان پێوە دەکرد، ئەمەش وایکردبوو زۆر جار گوێڕایەڵی فرمانەکانی سپارتاکۆس نەبن، بەڵام نزیکیش بوون لەوەی دەست بگرن بە سەر ئیتالیادا و خاپوری بکەن، جا بەم بۆنەیەوە ئەنجومەنی پیرانی ڕۆم تەنها بە شێوەیەکی بێ ئابوڕیانە و نامەردانە نەدەجولانەوە، بەرامبەر هەردوو بەرەی" دووژمن و شۆڕشگێڕان" بەڵکو لە ڕاستیدا وا دەردەکەوتن کە زەنگێکی خراپ و دەرئەنجامێکی زۆر سامناک چاوەڕێیان بکات، بۆیە هەردوو فەرماندەکەی ڕۆم نێردرانە دەرەوە، ئەمەش بۆ پڕکێشی سەخت و سەرکێشیەکی مەزن بوو ."( پلوتارخ م کراسۆس )**

ڕاوێژکارانی ڕۆم بە تەواوی لە ڕیشەی ئاریشەکە تێگەشتبوون. هەندێک لە سەرکردەی ڕاپەڕیووەکان باوەڕو دڵنیاییەکی زیاتریان بە خۆ هەبوو، زیادە باوەڕ بە خۆبون وای کرد بەشێک لە سەرکردەی کۆیلەکان بە سەرکەوتنەکانی پێشوویان مەست بن. هەر لە بەر ئەم هۆکارە بوو، کریسۆس سپارتاکۆسی بە جێهێشت،

پاشان نزیکەی ۳۰،۰۰۰ سەرباز و کۆیلەی لە گۆل(ئەغریق) و جێرمانەکانی لە گەڵ خۆدا برد. کەرتبونی نێو ڕیزی شۆڕشگێڕان هەڵەیەکی کارەساتباری گەورە بوو بۆ سپارتاکۆس، دوای ئەوە کریسۆس لە سەردەستی پەبلیکۆلا بەزێنرا و لە جەنگدا کوژرا. ئەغریقییەکان (گۆلەکان) باجێکی گەورەیان دا کە تێیدا ۲۰۰۰ کەسیان لێ کوژرا. ئەمەش یەکەم دەرئەنجامی زەنگێکی ترسناک بوو لە دابەشبوون و کەرتبوونی لە ڕیزی سوپای کۆیلەکان.

سەرەڕای کردە و ڕوداوە کارەساتبارەکەی کریسۆس، سپارتاکۆس ماتەمینیەکی گشتی لە شێوەی یاردا ڕێکخست لە سەر شەرەف و ڕێزی سەرکردە ئەغریقییەکە(کریسۆس)، ئەو هەستا بە دروستکردنی شەڕێکی گلادیاتۆری" لە بەینی سەربازە ڕۆمییە دەستگیرکراوەکان. درێژەی ئەم وردەکاریە چۆنیەتی کارەکتەرێکی نەجیبزادە و ڕابەرێکی ڕاستەقینە دەردەخات. دواتر سپارتاکۆس یەکەمجار ڕووبەڕووی لێنتولەس دەبێتەوە و دەیبەزێنێت، پاش ئەوەش پەلیکۆلا، بەم بۆنەیوە پلوتارخ دەنوسێت:

**فەرماندە گالیۆس، لە ناکاو کەوت بە سەر کۆمەڵە و دەستەیەک لە جێرمەنییەکان، ئەو زۆر بە چاوێکی سوک تەماشای کۆیلەکانی دەکرد، بەڵام متمانە و باوەڕبەخۆبوون لە لای سپارتاکۆسدا لە ئەوجی خۆیدا بوو، لەم جەنگەدا دوای بەرنگاریەکی دژوارو ئاڵۆز بەرەی دووژمن هەلا هەلا کرا، بەڵام لێنتۆلەس لە گەڵ سوپایەکی زۆردا ئابڵووقەی سپارتاکۆسیاندا، بەڵام سپارتاکۆس دواجار توانی بە سەلامەتی دەرباز بێت و دووبارە پەیوەندی بە خەباتەوە بکاتەوە، پاشان هەر لەو کاتەیە سپارتاکۆس توانی بۆڕ بە سەردەستەی ئۆفیسەرەکان لێبدات و بە تەواوی کۆڵی پێبدات، لە گەڵ ئەوەشدا دەستی گرت بە سەر هەموو بارگە و کەلوپەلەکانیاندا. دوا بە دوای ئەم جەنگە سپارتاکۆس پێشڕەویی کرد بەرەو ئەلەب، کاسیۆس، کە دادپرس و لێپرسراوی بەشێکی خاکی ئەغریق بوو درۆیەکەی گەورەی کرد دەربارەی شوێن و مەکانی خۆی و پاشان لە گەڵ ۱۰ هەزار سەرباز ڕووبەڕووی یاخیبوان بووە وە، بەڵام توانرا لە جەنگەکەدا کۆنترۆڵ بکرێت، ئەو دوای هەوڵێکی زۆر توانی خۆی قوتارکات، ئەمەش لە بەرامبەر کوشتنی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە پیاوەکانی بوو...**

ئەم شکستە زەربەیەکی زۆر گەورە بوو کە درا لە هەیبەت و شکۆی ڕۆمانییەکان، شکستەکە بە جۆریک بوو متمانە و عەرشی ئەنجومەنی پیرانی ڕۆمی هێنایە لەرزە، ئەمەش نەک تەنها لەبەرئەوەی کۆمەلکوژی

سوپاکەیان نەکرا، بەڵکو سپارتاکۆس فاسیس[6]ی گرت و خستیە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئامرازی فاسیس ڕەمزی ئۆتۆریتەی ڕۆم بوو (فاسیس، ووشەی فاشیزم لەم ناوە هەڵکەنراوە). لە ناوچەی مەتینا (کە ئێستا شاری مۆدینای پێ دەڵێن– باکوری ئیتاڵیا) کۆیلەکان لەشکرێکی گەورەی دیکەیان تەفرووتوونا کرد ئەم لەشکرەشیان لە ژێر سەکردایەتی گایۆس کاسیۆس لۆنگینۆسدا بوو، کە حاکمی ناوچەی غالبو، ڕابەری کۆیلەکان وا دەردەکەوت کە هەرگیز نەبەزێنرێت.

فاسیس بەستەیەکی پێچراوەیە کە لە شوڵی-دار درووستکراوە، هەندێکجار تەورێکی نوک تیژی پێوەیە. فاسیس لە بنەڕتدا لە شارستانیەتی ئیتروسکانەکانەوە هاتووە و پاشان وەک ڕەمزێک گوازراوەتەوە بۆ ڕۆمانی کۆن، لە ڕۆمدا وەک ڕەمزی دەسەڵاتی دادوەری دانراوە.

## کۆیلەکان ئاراستەکەیان دەگۆڕن

پاش ئەوە چی ڕوویدا، مەزنترین ڕاز و نهێنی لە مێژودا ڕوویدا. کاتێک کۆیلە ڕاپەڕیوەکان نزیکی شاخی ئەلەب بوونەوە، دەیانتوانی لەوێشەوە بە سنووری گۆل تیپەڕن و ڕاستەوخۆ برۆنە ناو جێرمانیاوە، هاوکات دەیانتوانی لە ژێر ڕێسا و یاسای فەرمانڕەوایەتی ڕۆم هەڵبێن و دووربکەونەوە، یان تەنانەت دەیانتوانی برۆنە نێو خاکی ئیسپانیاوە کاتێک یاخیبووەکان لە توند و توڕەیی خۆیاندا بوون. ئینجا، لە بەر هەندێک هۆکار، پلانەکە گۆڕا و سپارتاکۆس گەڕایەوە دواوەوە، سوپاکەی سپارتاکۆس جارێکی دیکە بە درێژایی ئیتاڵیا کەوتنە پاشەکشەکردن و گەڕانەوە، لێردا دەکرێت بپرسین، هۆکاری پاشەکشەکە و گۆڕانی پلانەکە چی بوو؟ لە ڕاستیدا ئێمە نازانین بۆ. ڕەنگە نەبونی توانای لۆجیستی کۆسپی خستبێتە ڕێگەی سوپاکەیان بۆ پەڕیینەوە بە کێوی ئەلەبدا، یان لەوانەیە کۆیلەکان مەست بووبێتن بە سەرکەوتنەکەیان، یان پێدەچێ دەوڵەمەندی شارە ئیتاڵییەکان سەرەنجی ڕاکێشابن بۆ ڕاووڕووت و تالانی!!.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووداوەکان چیتر ڕێگەی سەرەکی سپارتاکۆسیان نەترازاند. هەنووکە، سوپاکەی سپارتاکۆس بە هۆی ژمارەیەکی زۆر لە کامپ و شوێنکەوتووانی ئاوسسا بوو، لەوانەش ژن و منداڵ و پیر و پەکەوتەی زۆری دەگرتە خۆ، کە پەیوەندیان بە یاخیبوانەوە کردبوو بە هیوای ئەوەی ئومێدیک بۆ هەڵهاتن لە ژیانی بەندایەتی بدۆزنەوە. ژمارەی شوێنکەوتووە نا– جەنگاوەرەکان پێدەچوو خۆی لە ١٠،٠٠٠

---

[6]. fasces

خەڵکدا بدایە، هەموو ئەمانەش دەبوو بەشە خۆراک و خواردنیان بۆ دابینکرایە، ئەمەش تا ئەندازەیەکی زۆر جوڵەی سوپاکەی ئاڵۆزکردبوو. زیاد لەوەش، ڕۆمانییەکان چیتر نەدەکەوتنە هەڵەوە لە هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندی و جۆرێتی نەیارەکەیان.

کاتێک ئەنجومەنی پیران[7] درکی بەو زنجیرە سەرکەوتنە یەک بەدوا یەکانەی لەشکری سپارتاکۆس کرد بە سەر سوپا و لەشکری ڕۆمای کۆماریدا، لە فەرماندە و سەرلەشکرەکانیان کەللەیی و شێتگیر بوون، هاوکات فەرمانی پێدان بێنە دەرەوە لە ململانێکە. لە جیاتی ئەوە مارکۆس لیسینۆس کراسۆس هەڵسپێردرا و جڵەوی جەنگی درایە دەست، کراسۆس دەوڵەمەندترین پیاوی ڕۆم بوو، هاوکات سیاسەتکارێکی بەرزخواز، و هەمیشە برسی غروور و شکۆ بوو. کراسۆس کەسێکی گەمژە نەبوو وە هەرگیز لە هەڵسەنگاندی نەیار و بەرهەڵستکارەکانی هەڵەی نەدەکرد. ئامانجەکەی ئەوە بوو بە ئاگاییەوە هەوڵی بونیادنانی هێزو دەسەڵاتیی خۆی بدات و پاشان لە جەنگی توند و یەکلایی کەرەوە خۆی بە دوور دەگرت، متمانە بە خۆبوون لە کۆتاییدا لە هەر سامانێک بەرزترە، و ئەو سەروەتە مەزنەی ڕۆمیش دەیتوانی یاخیبوان ماندووبکات و لە ناوببات پاشان کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ سەرکەوتنی سەربازی فەراهەم بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێک لەوانەی تەماسیان بە سپارتاکۆسەوە دەکرد، زیاتر شوێنکەوتەی بەدەستهێنانی شکۆ و پەیگیری ناوبانگ بوون، بەڵام هاوبەشی ئەو تێگەشتنە نەبوون کە ڕۆژێک دێت بە توندی ڕووبەڕووی دووژمن دەبنەوە. بەشێک لەوانە کۆمەڵێک هەرزەکاری دەوڵەمەندی **فۆپ** بوون ( فۆب ئەو فیگەرەیە کە مەیلی شەڕی نییە بەڵکوو مەیلی شتی بریق باقی هەیە یان بە جۆرێکی تر زیاتر مەیلی خۆهەڵکێشانی هەیە و بەس..و.) کە درکی ئەوەیان نەکردبوو دژ بە کێن و بۆ دەجەنگن. پێویست بوو ئەوان بە دوای کۆیلەکان دەست بە گەشت بکەن و ملی ڕێگا بگرن بە هەمان ڕۆحیەتی ئەوان. پلوتارخ پیشانی ئەدات: " ژمارەیەکی زۆر لە خانەدانەکان خۆبەخشانە لە گەڵ سپارتاکۆسدا بوون، بەشێکی لە سەر بنەمای هاورێیەتی، بەشێکی دیکە بۆ دەستخستنی شکۆ و شەرەف هاتبوون". جارێکی دیکەش، ئەم ڕادە- لە متمانە بە خۆبوونە ڕەچەتەیەک بوو بۆ کارەساتێکی گەورە.

لەکاتێکدا کراسۆس لە سنوورەکانی پایسینۆم (ئیتالیای ئێستا) جێگیر بوبو، پێشبینی کردبوو کە سپارتاکۆس لێرەوە گوزەر بکات، بۆیە بڕیاریدا دوو فەرماندە و ئەفسەرێک[8] بنێرێت، لە گەڵ دوو فەیلەقدا(لەشکر)، بۆ چاودێریکردنی جمووجووڵەکانی دووژمن(کۆیلەکان)، بەڵام فەرمانی توندی پێدان

---

[7] . Senate

[8]. skirmish

خۆیان دوور بگرن لە هەر بەیەکداهاتن و کێشمەکێشێک، لەم سۆنگەیەوە فەرمانی ئەوەشی پێدا بوون کە گردێکی بچووک بگرن و بە ئارامی و بە بێ هیچ ئاشکرا بوونێک، بۆ ئەوەی هیچ زەنگێک بە دووژمن نەگات.

زیاد-بڕوابەخۆبوونی ڕۆمانەکانیش، لە یەکەم دەرفەتدا وای کرد، فەرماندە کراسۆس، پەیوەندی بە جەنگەکەوە بکات، بەڵام بە سەختی بەزێنران و شکان. شکانەکەیان بە جۆرێک بوو، نزیک بوو لەوەی قەڵاچۆ بکرێن، ئەمەش لە بەر ئەو فاکتە نەبوو کە دەستبەجێ کراسۆس دەرکەوتبێت و بەشداری شەڕەکەی کردبێت، بەڵکو لە بەر کەم شارەزایی و کەم توانایییان بوو لە جەنگەکەدا. کراسوس دەریخست کە کەسێکی زۆر خوێنڕێژە. ژمارەیەکی مەزن لە سەربازەکانی کوژرا، وە بەشێکی دیکەشیان تەنها بە فڕێدانی چەکەکانیان ژیانی خۆیان ڕزگار کرد و پاشان بە شێوەیەکی دزێو هەڵهاتن، بەرامبەر ئەوە پلوتارخ دەنووسێت:" نزیکەی ١٢,٣٠٠یاخیبوو کوژران، و چەندین کەسی تر بە برینداری دۆزرانەوە، هەموو ئەوانی دیکەش بە شێوەیەکی نەبەردانە لە ڕیزەکانی خۆیان دەجەنگین و دەمردن.

ئەم نەبەردییەی کۆیلەکان پێچەوانەی ئەو ڕەفتارە ترسنۆکەی ڕۆمییەکان بوو لە جەنگەکانی پێشوو، کە کراسۆسی ناچارکرد میتۆدی سزای کۆنی رۆم ببوژێنێتەوە: واتا لاوازکردن پاشان لە ناوبردن. ئەمەش کراسۆسی ناچارکرد هەوڵی ژیاندنەوە و زیندوکردنەوەی میتۆدی دێرنی سزای ڕۆمانەکان بداتەوە، واتا لە ڕێگەی دێسیمەیشن [3] لە سەر بنەمای ئەم هەوڵێستە سەرەتا کراسۆس هەڕەشەیەکی توندی لە فەرماندەکان کرد بە تایبەتیش مۆمیۆس، دواتریش سەرلەنوێ سوپاکەی پڕچەک کردەوە، بەڵام لە بارێکی پڕ شەرمەزارکەرانەدا چەند برە پارەیەکی دیکەی بۆ چەک و قەڵغان سەرفکردەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە دڵسۆزی خۆی بەیان بکات و بڵێت منیش بەشێکم لە ئیوە و هیچی تر. .

وشەیەکی لاتینیە بە واتای شێوازی زەبتکردنی کایەی سەربازی، ئەمەش لە زەمەنی کۆندا لە لایەن فەرماندە سەربازیەکانی سوپاسی ڕۆم بە کاردەهات، ئەم یاسایە بە کاردەهات بۆ سزادانی یەکەیەک یان گروپێکی گەورەی تاوانبار بە لە سێدارەدانی مەزن ناودەبرا، ئەمەش ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە هەڵدەهاتن و یاخیدەبوون. وشەی دێسیمەیش لە مانا لاتینیەکەوە هڵکۆڵراوە کە بە مانای حەرفی واتای "سڕینەوەی دەیەم" دێت. و،ک

لەم سۆنگەیەوە کراسۆس پێنج هەزار سەربازی لەوانە ئامادەکرد کە پێشتر هەڵهاتبوون لە جەنگ پاشان، کردنی بە پەنجا گرووپ لە دەدا. هەریەکێک لەوانەش ڕیگای مردنی هەڵدەگرتەوە، لە گەڵ چەشنێکی ترسناک و دۆخیکی تۆقێنەر کە وەک تارماییەک بە پێش چاوی تەواوی سوپاکە دەهاتوو دەچوو،

هاوزەمان ئەو جەنگاوەرانە وەک نمایشکارێک کۆکرانەوە، هەر وەک پلوتارخ پێمان دەڵێت :" ئەم سزا ترسناکە مودەیەکی درێژ بوو شکستی هێنابوو لە نێوان ژیانەوە و تەسلیم بووندا، کراسۆس دەیویست ئەوە دەربخات کە مەبەستی سەرەکی ئەو پیشە و بزنسە، لەم ساتە وەختەدا، هەر سەربازێکی ڕۆمی لەوە تێگەشتبوو پتر لە جێنەڕاڵەکەیان بترسێت وەک لەوەی لە کۆیلەکان بترسێت.

## قەتیسبوون

لە بەرەبەیانی کۆتای ساڵی ٧٢پ.ز سپارتاکۆس لە گەڵ سوپاکەیدا خێوەتگە و کامپیان لە دەوروبەری ڕیجییەم " (باشوری ئیتالیا – ڕیجیۆی کالاباریای ئێستا) نزیکی دەربەندی مێسنا دامەزاند. سپارتاکۆس هەوڵیدا ڕێککەوتنێک لە گەڵ چەتەکانی سیلیسیا بکات لە پێناو تێپەڕین و دەربازکردنی کۆیلەکان بە نێو دەربەندی سەقەلییە. بە گوێرەی پلوتارخ: " سپارتاکۆس بیری لە کۆشش و هەوڵێک دەکردەوە، بۆ تێپەڕبوون و جێنیشینکردنی دوو هەزار کەس لە سەقەلییەدا، ئومێدی وا بوو کە ئەمە دەبێتە بوژاندنەوە و داگیرساندنی هیوایەک بۆ شەڕی دواتری کۆیلەکان، بەڵام دواتر ئەم خەونەی کوژایەوە و سەرینەگرت، لە گەڵ ئەوەشدا پێی وا بوو کە پێویستی بە تەنها چکێک لە سووتەمەنی هەیە بۆ سەرلەنوێ داگیرساندنەوەی، بەڵام دیسان دوای ماوەیەک چەتەکان پەیمانەکەیان شکاند و دەرکەوت کە فێڵیان لێکردوون بۆیە بە **کەشتی** گەشتی خۆیان بە دەریادا ئیدامە پێدا.

ئەمە دەلالەتە لە تێگەشتنێکی تەندروست لە تەکتیکات و ستراتیژیەت. گەر توانیان بگەن بە سەقەلییە و کۆیلەی شۆڕگێڕی نوێی دیکە بخرۆشێنن، ڕەنگە ئەوکات بتوانن بەرگری لەو دوورگەیەی کە تێیدان دژ بە ڕۆم بکەن. دوای ئەوەی کە شکستیان هێنا بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلەی کە بە نێو کێوی ئەلەبدا تێپەڕن، ئەمە لەوانە بوو دوایین بژاردەی بەردەمیان بوو بێت، لە جیاتی هێرشبردنی ڕاستەخۆ بۆ سەر ڕۆم. بەڵام پرۆژەکە نوشستی هێنا لە بەرئەوەی چەتەکان خەیانەتیان لێکردن. ڕەنگە ئەمەش بەرئەنجامی ئەوە بووبێت کە ڕەنگە بریکارەکانی کراسۆس بەرتیلیان بە چەتەکان دابێت، یان بە سادەیی، لەوە ترسابن کە بە هاوکاریکردنی کۆیلەکان کێشەیەکیان بۆ درووستدەبێت و پاشانیش دەبێتە هۆی هێنانی سوپای ڕۆم بە تەواوی قورسایی خۆیەوە، و دواجاریش سەری هەموویان دەپەڕێنرێت. سەرەڕای ئەو هۆکارەش، هێزەکەی سپارتاکۆس هەنووکە خۆیان بە گەمارۆدراوی لە ناوچەی کالابریا بینیەوە.

دەتوانین ئەندێشەی ئەو تەوژمە تۆقێنەرە بکەین کە بۆ سپارتاکۆس و هاوڵانی درووست بوو بوون . پلانی ڕۆشتن و گەشتن بە سەقەلییە لە مەودایەکی کوورتدا هەرەسی هێنا، پێگە و جوگرافیای یاخیبووەکان بێ ئەندازە ترسناک و نائومێدکەرانە بوو، لە سەرەتای ساڵی ٧١ پ.ز" هەشت فەرماندە لە ژێر فرمانی **کراسۆس** دژ بە یاخیبوان نێردران. لە گەڵ ئەوەشدا پاڵپشتی تەواویان پێبوو بۆ هەر کشانەوە یان ڕاکردنێک کە بیانەوێت بۆ هەر شوێنێک بڕۆن. هەواڵە ناپەسندەکان پەیتاپەیتا دەگەشتن. بۆ نمونە کوشتنی کوینتۆس، کە ڕابەرایەتی یاخیبووانی ناوچەی ئیسپانیای دەکرد گەشت، ئەمەش توانا و هێزی دایەوە بە ئەنجومەنی ڕدێن سپیانی ڕۆم، بۆیە پۆمپەیان بە زوویی بانگکردەوە لەو دەڤەرەی، تەنها بۆ ئەوەی دڵنیا بن، بە هەمان چەشن مارکۆس و لۆکۆسیان لە مەکەدۆنیا بانگکردەوە بۆ نێو سوپای ڕۆم. دەوڵەتی ڕۆم، پێشتر هەندێک ئاماژەی بە سووک سەیرکردن و جۆرێک لە بێ بەهاکردن بەرامبەر کۆیلەکان پیشان دابوو، بۆیە لە کۆتاییدا هەستان بە چڕکردنەوەی تەواوی هێزەکانیان دژ بە شۆڕشگێران.

هەواڵەکان وا بڵاوکرابونەوە، دوای کێشمەکێش و بەیەکدا هاتنێکی بچوک، سپارتاکۆس بە دیل گیراوە و پاشان لە لایەن ڕۆمەوە لە خاچ دراوە. پڕۆپاگەندکارانی ڕۆم هەوڵی سەلماندنی" بەربەری و سروشتی دڕندەیی" یاخیبوەکانیان دەدا و ئەم سروشتەیان وەک بەڵگەیەک دەهێنایەوە دژ بە کۆیلەکان، پاشان دەیان گوت، هەرچەندە لە خاچدان سزایەکی  نۆرماڵە بۆ کۆیلەکان..هتد. تەواوی مێژوو ئەوە پیشان دەدات، ئەوە سەردەستەکانن نەک ژێردەستەکان هەمیشە ڕۆحییەتێکی دڕندەی بەربەریستیان هەبووە. ڕەنگە ئەمە ئەکتێکی نەخشە بۆکێشراوی بەرهەڵستکارانە بێت کە باش لێیکۆڵراوەتەوە، لەو کاتەوەی هەڵواسین بەتایبەتی میتۆدێکی ستەمکارانە و دڕندانەی شەرمەزارکەری کوشتن بوو بێت ئەوە بە شێوەیەکی نا ئاسایی لە رۆمدا هەمیشە پراکتیزەکراوە. لەم ڕووەوە، سپارتاکۆس بە دوژمنانی وت: ئێوە پێتان وایە ژیانی کۆیلەکان هەروا سوک و هەرزانە، بەڵکو ئێمە واتان لێدەکەین کە باجێکی ئێجگار گەورە بە کردەوەکانتان بدەن. ئەم ڕاپۆرتە، وەک هەموو ڕاپۆرتەکانی دیکە لە لایەن ڕۆمانەکانەوە بڵاکرانەوە، کە بە مەبەستەوە" بۆ پاساو هێنانەوەی دامرکاندنەوە خوێناویەکانی کۆیلەکان بوو، بەڵام بە ڕاستی پێویستی بە هیچ بیانو یان بوردنێک نەدەکرد بەوەی چی دەکەن و پیشتر چی دیاریکراوە بۆ ئەوەی جێبەجێبکەن. ئەم کۆیلانە پێویستبوو وانەیەکیان فێر بکەن کە هەموو جیهان بۆ هەتایە لە بیری نەکات!

لە ئەندازە بەدەر-متمانە بە خۆبوون ڕۆڵێکی مەزنی دەگێرا لە هەڵکشانی رۆحی بەرنگاری و ڕاپەڕینی شۆڕشگێران، هەروەک پلوتارخ ڕوونی دەکاتەوە:


**سپارتاکۆس ، دوای ئەو بەزینە، لە زنجیرە شاخەکانی' پیتیالەوە ' گۆشەگیر و لاتەریک کەوت و پاشەکشەی کرد، بەڵام کوینتۆس، کە یەکێک بوو لە ئەفسەرەکانی کراسۆس، و سکرۆفا کە پیشەی خەزندار بوو، سپارتاکۆسیان تەنگاوو کردبوو وە دوای کەوتبوون، بەڵام کاتێک سپارتاکۆس خۆی کۆکردەوە و ڕوبەڕویان بووە وە، پاش جەنگینێکی قورس بە تەواوی تاروماتار بوون و هەڵهاتن، وە هەوڵی زۆریان دا بۆ ڕفاندنی خەزنەداری ڕۆم کە بریندار بوو بوو لە شەڕەکەدا. ئەم سەرکەوتنە، هەرچەندە سپارتاکۆسی تا ئەندازەیەک وێرانکرد، بەڵام جۆش و خرۆشی ئاخنییە ناو یاخیبوانەوە، و ئێستا ئیتر بەشێکی فەرماندەی کۆیلەکان شەرمەزاربوو بوون بۆ دورکەوتنەوە لە جەنگ، یان گوێڕایەڵی ئۆفیسەرەکانیان نەبن، بەڵام دوا بەد وای ئەوە، ئەوان لە سەر ڕەوتکردن بەردەوام بوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەنگە بە شمشێری دەستیان دووبارە بێنەوەو دەرگیری یەکدی ببنەوە، و وە ناچاریان بکەن بگەڕێنەوە و بە نێو دەربەندەکانی لوکسینا و دیسان دژ بە ڕۆمییەکان پیکدا هەڵپژێن، وە ئەمە ئەو شتە بوو کە کراسۆس زۆر پەرۆشی بوو.**

**کراسۆس** وردە وردە بەئاگا دەبوو لەوەی نەیدەویست جەنگێکی کتوپڕ و یەکلاکەرەوە ئەنجام بدات لە گەڵ دوژمنیک کە زۆر بەهێز، نەبەرد و پاڵەوان بوو، سەرباری ئەوەش چەندین جار لەشکری ڕۆمانەکانی بەزێندرابوون، لە بری هێرش بردن و پەلاماردان، فرمانی بە سوپاکەی کرد کە شورایەک بونیاد بنێن، بە درێژای ئەو ڕێگەیەی کە کۆیلەکان پێیدا تێدەپەڕین( ئایسمۆس: پارچە زەوییەکی تەسکە هەردوو لای ئاو یا دەریایە دوو ڕوبەری گەورە بە یەک دەگەیەنێت)، ئەمەش هەوڵێک بوو بۆ برسیکردنی کۆیلەکان بۆ ئەوەی ملکەچبن و خۆبەدەستەوە بدەن. بۆیە هەموو قوودرەت و کارامەیی ڕۆم بە کارهێنرا بۆ نشوست پێهێنانی کۆیلەکان، بە گوێرەی دانراوەکانی **پلوتارخ:**

**ئەم کارە مەزن و دژوارە لە ڕووبەری تا ئەندازیەک کەمدا و زەمەنێکی کورتدا و لە دەرەوەی هەر پێشبینیەکدا کامڵ کرا، خەندەقێکیان لێدا لە دەریایەکەوە بۆ دانەیەکی دیکە، لە ناوچەیەکی کونج و تەنگاودا، بە درێژایی سێ هەزار لە هەشت یەکەی میلێک ( ٢٢٠ یارد – فێرلۆنگ). بە واتایەکی دیکە بە درێژایی چەندین یارد و بە پانی پازدە پێ فراوان، تا ڕادەیەکیش قووڵ، وە لە گەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن دیوارێکی بەرزو بەهێزیان بنیاتنا. بە بونیادنانی ئەم شورایە، دوو ئامانجیان سەرێگا خست: پاراستنی ورە و مەعنەویاتی سەربازەکان و، لە خۆراکخستنی دووژمن یان بڕینی خۆراک لە دوژمن و ئالیک لە ئاژەڵەکانیان.**

لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی ئەم هەوڵ و کۆششەی ڕۆمانەکان بێهوودە بوو، سەرباری هەموو ئەو ترس و دڵەڕاوکێ گومانایە، سپارتاکۆس جارێکی دیکە تاکتیکێکی سەیرو نامۆی پیشان دا، لە شەوێکی تۆفاناویدا، لە ناوەڕاستی زریانێکی پڕ لە بەفر و باراندا، فەرمانی بە هاوەڵانی کرد، کە بەشێکی بچووکی خەندەقەکە بە خۆڵ و بەرد و قەدی درەختەکان پڕ بکەنەوە، و بەم شێوازە لە گەڵ یەک لە سەر سێی سوپاکەی بە سەر چاڵەکە بپەڕنەوە. بەڵام ئەمە کۆتا هێز بوو پیشانی بدەن، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان کۆتا تەقینەوەی پۆتێنسیالی یاخیبوان بوو پێش هەرەسهێنانی کۆتایی شۆڕشەکە. لە گەڵ ئەم پڕکێشی و نەبەردییەدا، سپارتاکۆس توانی هێڵی بەرگری کراسۆس ببڕێت و بەرەو برۆندیسۆم هەڵبێت(بریندیسی ئێستا)، لەو شوێنەی کە سوپای لۆکۆلۆسی" تێیدا هەڵنیشتبوو

کاتێک لۆکۆلۆس سوپاس فراوانەکەی سپارتاکۆسی بینی خۆی لێلادا، کراسۆس لەوە ترسابوو کە لەشکری کۆیلەکان ڕاستەوخۆ دەڕۆن پەلاماری ڕۆم دەدەن. لە ڕاستیدا، لەوانە بوو ئەمە باشترین بژاردە بوبێت بۆ ئەو— ڕەنگە کۆتا ئۆپشنیش بووبێت: چانس لە دوا بازنەی نا-ئومێدیدا هەموو شتێکە، بە جۆرێکی تر لێدان و پەلاماری سەری دووژمن دوا چانس بوو بۆ ئەوان. بەڵام ئەمە دوا پێشهات و مومکیناتی کۆیلەکان بوو کە بووە هۆی کارەساتی پارچە پارچە بوونی ڕیزەکانیان. جارێکی دیکە، بەشێکی دیکەی سوپاکەی سپارتاکۆس دابڕان و فەرمانەکانیان پشگوێخست، بەشێکی زۆریشیان پشتیان لە فەرمانی ڕابەرەکەیان کرد و پاشان کامپ و نیشینگەیان لە نزیک دەریاچەی لوکانین دامەزراند، وە جارێکی تر لاوازی یەکێتی و نەبوونی وابەستەیی" ئاکامێکی کارەسات ئامێزی بەرپاکرد. کراسۆس هەستی بە ناکۆکی و هەڵگەڕانەوەی کۆیلەکان کرد بۆیە لە دەریاچەکەوە هێرشی کردە سەر سوپای کۆیلەکان، هەرچەند نزیک بوو لەوەی پاکتاویان بکات، بەڵام سپارتاکۆس دەم ودەست دەرکەوت و، سەرلەنوێ هێزەکانی کۆکردەوە و سەرپەرشتیی گەشتەکەیانی کردەوە.




## جەنگی کۆتایی

سەرباری دواین تێکشکانی، بۆ کراسۆس ئەوە ڕوون بوو کە کۆیلەکان لە پێگە و جێگەیەکی ئێجگار سەختدان. کراسۆس وای لێکدەدایەوە کە سەرکەوتن لە چنگی ئەو دایە، سەرباری هەموو ئەمانە کراسۆس دەستی بە پەشیمانی و پاشگەزبوونەوە لە هەڵسوکەوتەکانی پێشتری کرد، لە سەر ئەو بنەمایە نامەیەکی بۆ ئەنجومەنی ڕدێن سیپیانی ڕۆم ناردبوو تێیدا داوای دەرکردنی لۆکۆلۆسی لە تراقییە و، پۆمپەی لە ئیسپانیا دەکرد. وەک سیاسەتمەدارێکی نمونەیی لەو ماوەیەدا، کراسۆس جەنگ وململانێکان وەک هۆکارێک دەبینی بۆ بردنەوەی شکۆو هەیبەت کە پێی وا بوو ئەمەش دەبێتە فاکتەرێک و یارمەتی ئەدات لە دەوڵەتدا پێگەو جێگەی باڵای پێببەخشرێت، هەر وەک چۆن دواتر جولییەس قەیسەر زۆر کارایانە ئەمەی کرد. گەر جێنەراڵەکانی دیکە لە چرکەساتی کۆتایی نەگەشتنایە، پێش جەنگە یەکلای کەرەوەکە، پێدەچوو کە ئەوان جەنگەکەیان ببردایەتەوە نەک کراسۆس. ئەمە تەنها ئەوە بوو کە ڕوویدا، کراسۆس لە جەنگێکی

بێچەندووچوون و قەطعیدا بە سەر سپارتاکۆسدا سەرکەوت بەڵام دواتر ئەوە پۆمپەی بوو کە هەموو شکۆ و شانازییەکانی بۆ خۆی چنییەوە.

بۆیە کراسۆس بە پەرۆش بوو دەستبەجێ ببێت بەو کەسەی وەک جەنگاوەرێکی نەبەرد مامەڵەی لە گەڵ بکرێت: **پلوتارخ** دەڵێت:

" دوای گەشتنی هەواڵەکان" دەستبەجێ ئامادەیی پۆمپەی لە جەنگەکە وەک پاڵەوانێک باسەکرا و خەڵک بە ئاشکرا شەرەفی جەنگەکەیان گەڕاندەوە بۆ ئەو، پاش هاتنی ئەو چەند سەرکردەیە شۆرشگێڕانیان ناچارکرد بە شەڕکردنی کۆتای و جەنگی مانونەمان. لەبەرئەوە کراسۆس هۆگری جەنگی یەکلای کەرەوە بوو، بۆیە خێوەتگەکەی لە نزیک یاخیبووان دامەزراند، و دەستی بە درووستکردنی هێڵێک کرد بۆ دەوردانی نەیارانی بە شورایەک یان بە خەندەق[9]، بەڵام کۆیلەکان هێرشی کوتوپڕیان دەست پێکرد و پەلاماری پێشرەوەکانیاندا."

کراسۆس هێزگەلێکی بەرزتر و بە تواناتری هەبوو لە جاو سەکردەکانی تردا، هەر لەم سۆنگەوە هۆگری هەڵمەتێکی توند و جەنگێکی مەسیری بوو. بۆیە خودی کراسۆس بوبو بە لەمپەرێکی جدی لە بەردەم لەشکرەکەی سوپارتاکۆسدا، هاوزەمان کامپ و خێوەتگەی سەربازیەکەشی زۆر نزیک لە سوپای دوژمن دامەزراند بوو، لە هەمانکتدا بە ئاشکرا) کۆیلەکانی تەنگەتاو و ئیستیفزاز دەکرد تا شەڕبکەن. شۆرشگێڕان ناچارکران بە هێرشبردن. سپارتاکۆس، ئەوەی دەبینی کە پەیتا پەیتا پاڵپشتی سەربازی تازە لە هەموو لایەکەوە بە سوپای ڕۆمەکان دەگەشت. هەر بۆیە لەوەش تێگەشت کە هیچ ڕێگەیەک نەماوە بۆ خۆ لادان لە شەڕێک کە بەرپابوونی مومکیینە. هەر چرکەیەک کە تێدەپەڕی مانای بەهێزبوونی زیاتری سوپاسی رۆمی دەگەیاند، هەر وەک دەیبینی لە هەموو بەرەکانەوە پاڵپشتی سەربازی دەهاتنە ناو کامپی ڕۆمانەکانەوە، سپارتاکۆس پێویست بوو گرەوی هەموو شتێک لە سەر کۆششی دواین مرۆڤی باڵا بکات. ئەو ئیدیۆمەی کە کارڵ مارکس ڕاهاتبوو بۆ لێکدانەوەی شۆڕشە مەزنەکەی کۆمۆنە بەکاری بێنێت ئەوە بوو، کۆیلەکان بڕیاریاندا وەک **"گەردەلوولی ئاسمان" بن.** بەم جۆرە سپارتاکۆس سوپاکەی گردکردەوە و پێکەوەیانی نان، کۆشا بۆ ئەوەی رۆحی جەنگاوەرییان لە جەنگی ئایندەدا (هاتوو) بەرزکاتەوە.

9. circumvallation

تەنها دەتوانین لەو چرکە ساتە چارەنوسسازەدا پێشبینی دۆخی زەینی سپارتاکۆس بکەین، چونکە تەواوی قەدەری یاخیبوان لە سەر دەرئەنجامی ئەم کۆتا جەنگە بەند بوو. بۆیە ڕۆڵی جۆریکی نا-ئاسایی و فەرماندەیەکی مەزنی دەگێڕا، هەر لەو پێناوەدا بە هێمنی هەموو سوپاکەی بە نەزمێکی ڕێک و پێک مۆبیلیزەکرد بۆ جەنگەکە، دوای ئەوە یەکێک لە مەزنترین جوڵانەوەکان لە مێژوودا ڕوویدا. کاتێک ئەسپەکەیان بۆ سپارتاکۆس هێنا و ئامادەکرد، شمشێرەکەی دەرهێناو لە بەردەم سوپاکەی کوشتی، پاشان گوتی: گەر ئەمڕۆ لە جەنگەکەدا سەرکەوتین ئەوە ژمارەیەکی زۆرتر و باشتر لە ئەسپی دووژمن چنگ دەخەین، وە ئەگەریش دۆڕاین، پێویستمان بە یەک دانەیان نابێت" بەم پێودانگە، سپارتاکۆس بەمە تەنها جەربەزەیی کەسێتی مەزنی خۆی پیشان نەدا، و تەواوی ئاسوودەی و سەلامەتی خۆی فەرامۆشکرد نەکرد، بەڵکو هەروەها پەیامێکی سەرسەختانەی نارد بۆ تەواوی کۆیلەکان: **یان ئەم جەنگە دەبەینەوە یان دەمرین.**

بۆ کۆتا جار کۆیلەکان بە بێهیواییەکی نائومێدانەوە جەنگین، هەر وەک مێژوونووسە ڕۆمانییەکان بە ناچاری دانیان بەوەدا ناوە. بەڵام دەرئەنجامی ئەم جەنگە هیچ شک و گومانێکی تێدا نەبوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆمانیەکان، سپارتاکۆس بە نێو ئاپۆڕەی جەنگاوەرەکان و شەڕی سەربازانی هەردوولا گوزەری کردو ڕاستەوخۆ بە ئاراستەی خودی کراسۆس ڕۆیشت، لە میانەی بارانێکی بە لێزمەی کوشندە و بە برین داپۆشراودا، بە ئامانجەکانی نەگەشت، بەڵام دوو کۆماندەری کووشت کە بە یەکەوە پەلاماری دان، لە کۆتایدا، هەموو ئەوانەی نزیکی بوون لە مەیدانەکەدا یان تەرفروو توونا بوون یان هەڵهاتن، هەرچەندە دوای بریندابوونی سپارتاکۆس توانی خۆی بە تەنیا سەرپێ بخات، کە بینی دەور دراوە بە دووژمن، ئازایانە بەرگری لە خۆی کرد، بەڵام دواجار پارچە پارچە کرا: **ئاپیان:** مێژوو نووسی ڕۆمانی بەم شێوە ڕاڤەی دیمەنەکەی کردووە:

**سپارتاکۆس بە ڕمێک کە بەر ڕانی کەوتبوو بە قوڵی بریندار بوو بوو، وە لە سەر ئەژنۆکانی کەوتبوو بە سەر زەویەکەدا، زرێکەی وەک پارێزبەند لە بەردەم خۆیدا هەڵگرتبوو، بەم شێوەیە، بەربەرەکانی و بەرەنگاری دژ بە شاڵاو بەرەکان[10] دوژمن دەکرد، تاوەکو بەر بە ئاپۆڕەی گەورەی شەڕکەران و هێرشبەران بگرێت، بۆیە ئەو لە گەڵ ئەوانەی لە تەکیدا بوون گەمارۆدران و کوژران (ئاپیان جەنگە ناوخۆییەکان).**

---

[10]. assailants

دوای جەنگەکە، تیپێکی سەربازیی ڕۆمانەکان لە کامپی کۆیلەکان ڕزگارکران کە ژمارەیان خۆی لە ٣،٠٠٠ سەربازی دەستبەسەر دەدا– تا ئاستێک هەمویان ساغ و تەندرووست بوون. ئەم مامەڵە شارستانیەی کۆیلەکان لە گەڵ بەندکراوانی ڕۆمییەکان، بە ڕەهایی دژو ناکۆک بوو لە گەڵ چارەنووسی هاوڵانی سپارتاکۆس کە بەندکرابوون لە لایەن رۆمانەکانەوە، کراسۆس ٦،٠٠٠ کۆیلەی بە درێژایی ڕێگای ئەپیان لە نێوان کاپوا و ڕۆمدا لە خاچدا، دووری ئەم لە خاچدانە نزیکی ٢٠٠ کیلۆمەتر دەبوو. لاشەی لە خاچدراوانی کۆیلەکان بەشێوەی هێڵێکی ڕاست کێشرابوو بە درێژایی ڕێگەی برۆندیسیۆم بۆ ڕۆم. لەو کاتەوە کراسۆس هەرگیز فەرمانی نەدا بۆ داگرتنی لاشەکان، دوای ساڵانێک زۆر لە کۆتایهاتنی جەنگەکە هەموو ئەوانەی گەشتیان بەو ڕێگەیەدا دەکرد دیمەنێکی تۆقێنەری لە لا درووستکردبوون.

دەوروبەری ٥،٠٠٠ کۆیلە هەرچۆنێک بوبێت لە ژێر باری دیلبووندا هەڵهاتن. ئەم پاشماوە پەرشوبڵاوەی سوپای کۆیلەکان ملی ڕێگەیان بەرەو باکور گرتەبەر و لە لایەن فەرماندە پۆمپەیەوە لە ڕۆخی ڕووباری "سیلارۆس" لە لوکسینادا ڕێیان لێگیراوو بە تەواوی گەمارۆدران، پۆمپەی تازە لە بەشی ئایبیریای ڕۆما گەڕابووە وە. هەرچەندە کۆیلەکان پێش هەموو شتێک زۆر ماندووبووبوون بەڵام پێویست بوو بە چڕی هەوڵ و کۆششی تەواویان بە گڕبخستبایە بۆ ڕوبەڕبونەوەی ئەو تیپە، نوێ– باش ڕاهێنراو، و متمانە-بەخۆبوەی کە لە لایەن فەرماندەی دیاری ڕۆمانییەکانەوە سەرپەرەشتیدەکرا. پاش گەمارۆدانەکە، شەڕیک توند دەستی پێکرد بەڵام پۆمپەی دەستی بە کوشتاری کۆیلەکان کرد، دواتریش کۆمەڵکوژیەکی بەرفراوانی لە کۆیلە دەستگیرکراوە ماندوو و هەڵهاتووەکان کرد، ئەمەش وەک هەنجەتێک وابوو بۆ بانگەشکردنی کۆتایی هێنان بە جەنگەکە.

پۆمپەی دەمودەست نامەیەکی بۆ ئەنجومەنی ڕدێن سپییان نوسی، تێیدا ئەوەی ڕاگەیاند بوو کە، سەرەڕای ئەوەی کراسۆس کۆیلە ڕاپەڕیووەکانی بەزاندبوو لە جەنگێکی دەستەویەخەدا، ئەو (پۆمپەی) توانی کۆتایی بە جەنگەکە بێنێت، دوای ئەوەش، پۆمپەی شەرەفی بردنەوەیەکی گەورە و مەزنی بە دەست هێنا ئەمەش دەرئەنجامی ئەو سەرکەوتنەی بوو بە سەر ئیسپانیا و چەند شوێنێکی تردا. لە کاتێک کراسۆس نکۆڵی لە شەرەفی ئەو سەرکەوتنەی پۆمپەی دەکرد و بە پەرۆشەوە هەوڵی خۆی لە سەر بەخشینی ئەو شەرەفە چرکردبووە، هەموو ئەمە بۆ ئەوە بوو کە ئەو ڕێزلێنانە بدرێت بە خۆی، جگە لەوەش ناچار بوو قەبووڵی شەرەفی بچووکتر بکات، کە بە ئۆڤەیشن ناودەبرا واتا شەرەفی (چەپڵەلێدانی زۆر یان هوتاف لێدان). بەرامبەر ئەوە پۆمپەی "مەزن" پێشوازییەکی گەرمی لیکرا لە ڕۆم وەک قارەمانێک، لە کاتێکدا کراسۆس، لە خەمۆکییەکی قووڵدا بوو کە نە قەدر و ستایشێکی باش و نە شکۆیەکی پێگەشت لەلایەن ئەنجومەنی ڕۆم کە لە پێناو ڕزگارکردنی کۆمارەکە لە سپارتاکۆس هەمووو ژیانی خۆی خستبوە مەترسییەوە.

ئەم سپڵەییە هەندێ شتمان پێ دەڵێت دەربارەی سایکۆلۆژیای خاوەن— کۆیلەکانی چینی فەرمانڕەوا لە ڕۆم. ئەم دەوڵەمەندە بوودەڵانە، و ئەم دووڕوو و هایپۆکراتانە، هەرگیز ناتوانن دان بەوەدا بنێن کە لە سپارتاکۆسدا دوژمنێکیان دۆزیبوە وای لێکردبوون کە بە تەواوێ بترسن لە بەردەمیدا. سیناتۆرە خانەدانەکانی ڕۆم بە ئاسانی ترس و بیمی ئەوەیان لەبیرکرد کە ناوی سپارتاکۆس لە چەند مانگی پێشوودا ببوو بە تارماییەک و لە ناخی دڵیاندا خرۆشا بوون. چۆن دەتوانرێت جەنگێک کە دژ بە سوپای کۆیلەکان بێت و لە هەمان کاتدا بەهای ڕێزلێنانی سەرکەوتنی پێ وەربگیرێت یان ببەخشرێت؟

ئەنجومەنی پیران زۆر نائومێدانە نکۆڵی لە بردنەوە و سەرکەوتنی سەربازی کراسۆس دەکرد، لەم سۆنگەوە کراسۆس هەوڵی ئەوەیدا کە سەر لەنوێ شکۆی خۆی جاریکی دیکە لە ئاسیادا بەدەستبێنێتەوە، بەڵام لەوێدا لە مردنێکی شایستەدا و لەژێر بارودۆخێکی دزێوو حەیابەرانەدا دۆزرایەوە، تەنانەت خودی پۆمپەیش دواتر لە جەنگێکی نێوخۆیدا دژ بە قەیسەرلە میسر بەزێنرا و کوژرا، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێک جار عەدالەت و دادپەروەری لە مێژوودا سەردێنێت و دەردەکەوێت. لێرەوە ئەتوانین بڵێین ئەمڕۆ ناوی ئەو کەسانەی کە هەستان بە چەوساندنەوە و کوشتنی کۆیلەکان نیوە-فرامۆش کراون لە مێژودا، لە کاتێکدا ناوی سپارتاکۆس پیرۆز ڕاگیراوە و لە دڵ و زەینی ملیۆنانیشدا هەمیشە بە خۆشەویستی پارێزراوە و جێکەوت بووە.

## ئەفسانە و ڕاستی

ئەفسانەی سپارتاکۆس پاش مردنی زیندوویەتی خۆی وەرگرت. بۆ ڕۆمانەکان چیرۆکی شۆرشی کۆیلەکان زەنگێکی ترسێنەر بوو، وایان دەبینی کە بونیادی کۆمەڵگا لە سەر پشتی کۆیلەکان و سوبێکتی جەماوەر درووستدەکرێت هاوزەمان دەوترا ڕەنگە ڕۆژێک لە لایەن خودی کۆیلەکانەوە فڕێبدرێنە دەرەوە و تێکشکێنرێن. دوای چوار سەدە، بە دەقیقی ئەمە ئەوە بوو کە ڕوویدا، ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لە سەر دەستی بەربەرەکان شکستی هێنا و دارما. یادەوەری ژیانی سپارتاکۆس بوو بە ڕەمزی هێزێک بۆ ئاپۆڕەی سەرکوتکراوان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سەرکوتگەراکان. ئەمڕۆ ئەفسانەی سپارتاکۆس وەک هێزێک ماوەتەوە و بووە بە ئیلهامی هەموو ئەوانەی کە خەبات و تێکۆشان بۆ مافە ڕەواکانی خۆیان دەکەن.

له ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ڕێکەوت نەبوو کە، ڕۆزا **لۆکسمبۆرگ و کارل لیبکنیشت** ناوی شۆڕشەکەی ڕۆمیان وەک میرات هەڵگرتەوە کاتێک ناوی بزووتنەوە شۆڕشێگێڕییەکەیان نا کۆمەڵەی **سپارتاکیستەکان.** بە هەمان شێوە کارل مارکسیش گەورەترین موعجیب و پەسەندکاری سپارتاکۆس بوو. مارکس دەڵێت: سپارتاکۆس پاڵەوانی منە، بەم چەشنەش دەیگووت: {باشترین هاوڕێی دێرینیەتی کە لە چاخە کۆنەکاندا پێشکەشی کراوە}. لە نامەیەکدا بۆ ئەنگڵسی هاوڕێی لە بەرواری ٢٧ فەبریوەری، ساڵی ١٨٦١، دەنوسێت: دەربارەی سپارتاکۆس لە جەنگە ناوخۆییەکان ڕۆم لە ئەپیاندا" دەخوێنمەوە: سپارتاکۆس وەک مەزنترین ئینسانی ستەم دیدەی کۆی مێژووی دێرین دەردەکەوێت. جێنەڕاڵی مەزن {...} ی خاوەن کارەکتەرێکی نەجیبزادە و، وەک نووێنەرێکی ڕاستەقینەی، پرۆلیتاریا لە چاخە کۆنەکان دەرکەوت. دەنوسێت پۆمپەیش هیچ و پوچێکی ڕاستەقینەیە {...}. (مارکس و ئەنگڵس، کۆکراوەی کارەکانیان، ڤۆڵیۆمی ٤، پ. ٢٦٥). هەرکەسێک کە تەنانەت مەعریفەیەکی سەتحی و ڕووکەشانەی مێژوویی هەبێت بە گرانی دەتوانێت بەرهەڵستی ئەم جۆرە قەبلاندنە بێتەوە.

فیگەری سپارتاکۆس، و یاخی بوونە مەزنەکەی، بووە بە سەرچاوە و ئیلهامی بەسێکی زۆر لە ئەدەبیاتی مۆدێرن و نوسینی سیاسی. هاوارد فاست ڕۆمانێکی بەناوبانگی نوسیوە دەربارەی ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی سپارتاکۆس. پاشان ستانلی کوبریک ڕۆمانەکەی هاوارد فاستی لە فیلمێکی نایابدا هەمبارکرد و لە ساڵی (١٩٦٠) پەخشکرا. لە کتێبەکەیدا" سپارتاکۆس " ئێف .ئەی. ڕیدڵی هەردوو کارەکەی کوبریک و فاستی ڕەفزکردەوە بەڵام ئەمە لە هەردوو حاڵەتەکەدا کارێکی نادادپەروەرانەیە، ئەمە تەنها نمونەیەکی خەمبارانەی دیکەیە کە چۆن ڕاڤە و شیکردنەوە بەرتەسکە مارکسیستەکان هەمیشە بێتوانان لە درککردن بە شتە گرنگەکان.

لەڕاستییدا فاست هەوڵی نوسینی کتێبێکی مێژووی نەداوە بەڵکو هەوڵی نوسینەوەی ڕۆمانێکی مێژوویی دا. لە کاتێکدا دەکرا ئەو هەڵگری ئازادییەکی تایبەت بێت بۆ هەڵبژاردنی بابەتێکی وا، بۆیە ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی گونجاو ڕۆحی بابەتەکەی گواستۆتەوە. بۆیە ئەوە بە تەنها مێژوییەک نییە، بەڵکو باشترین جۆری ڕۆمانی مێژوویییە کە بە شێوەیەکی خەیاڵکارانەی فراوان ڕوداوە ڕاستەقینەکانی خستووەتەڕوو، بە بێ دەرچوون و دوورکەوتنەوەیەکی جدی لە تۆمارە مێژوییەکەی بابەتەکە. بە دڵنیاییەوە، هەندێك شت هەیە کە بە تەواوی نامێژوویین، بە تایبەتی لە فیلمەکاندا دەیبینین. بەپێچەوانەشەوە زنجیرە بە ناوبانگ و ناسراوەکانی نێو فیلمەکان، هەرگیز ڕزگاربووانی جەنگەکە پرسیار لە ناسین و دەستنیشانکردنی سپارتاکۆس ناکەن، ئەمەش لە بەرئەوەی لە مەیدانی جەنگدا گیانی بەختکرد.

بەڵام دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە ئەمە کارێکی هونەرییە و لە ژێر ناونیشانی چوارچێوەیەکی دیاریکراودا خۆی لە ڕوداوە ڕۆشنە دراماتیکە مێژووییەکان پیشان دەدات. گرنگتر لەوە، ڕەنگە کارێکی هونەری حەقیقەتێکی قوڵ پێشکەش بکات تەنانەت کاتێک لە ڕوداوە تۆمارکراوە مێژووییەکان لێکدەترازێت. ئەم دیمەنە دراماتیکیە، کاتێک یەک بە یەک، کۆیلەکان ڕادەپەڕن و بەرنگاری و خەبات بۆ پلەوپایەی ڕاستەقینەی خۆیان دەکەن، هەریەکە بانگەشەی " **من سپارتاکۆسم** " دەکات، لە ڕاستیدا ئەمە گوزارشت لە حەقیقەتێکی قووڵ دەکات کە تەنها پەیوەست نییە بە شۆڕشی سپارتاکۆسەوە بە تەنها بەڵکو پەیوەستیشە بە شۆڕشی گەل و جەماوەرێکی ستەمدیدە لە تەواوی مێژوودا. بەهێزی سپارتاکۆس لە کەسێتی ئەودا بە دەقیقی گوزارشت لە خەون و خولیای زیندوێتی تەوژمی کۆیلەکان دەکات بۆ بە دەست هێنانی سەربەستی و ئازادییەکانیان. دەتوانیت ئەوەش بڵێیت کە لە ناوەوەی هەریەک لە یاخیگەرە کۆیلەکاندا گەردێکی بچوکی سپارتاکۆس نوستووە. بە هەمان شێوەش بۆ دیمەنی ئاپۆڕە لە خاچدراوەکان، مێژووییەن ورد و دروستە.

ئەمرۆ هەر شتێک دەربارەی ئەم مرۆڤە مەزنە بیزانین ئەوەیە کە لە لایەن نەیارەکانیەوە نوسراوە. ئەوەی دەیزانین چیە؟ شتی کەمی ئەوتۆ دەزانین کە جەربەزەیی سپارتاکۆس وەک فەرماندەیەکی مەزن و تاکتیککارێکی کارامەی نێو مەیدانی جەنگ بۆ دەرخات. لە گەڵ ئەوەشدا دەشێ بڵێین، ئەو مەزنترین فەرماندەی چەرخە کۆنەکان بوو. ڕەنگە ئەوەش نەبێت، وەک لە فیلم و ڕۆمانەکەدا نیشانی دەدات، ڕابەرێکی شۆڕشگێڕیی هێزێکی دیسپلینگەری شەڕکەر بوو. ئەگەر ئەو خاوەنی سیاسەتێکی ڕوونی ستراتیژی پێناسەکراو بێت، ئەوە دەربارەی ئەوە هیچ شتێک نازانین. هەدەفی یەکێتی سوپا بچوکەکەی لە کۆتایدا بەردەوامی و مانەوە بوو یان بەر جۆرێک دەرچون بوو لە نێو بازنەی کۆیلەییدا، بوونی دووبەرەکییە ناوەکیەکانی نێو سوپای کۆیلەکان بێ ئاسۆیی و کەم-تێگەشتنی ئەوانی دەردەخست هەر وەک چۆن هێزە باڵاکانی ڕۆم گیرۆدەی ئەو چارەنووسە بوو بوون.

ئایا دەکرێت بڵێین سپارتاکۆس پێشڕە وو ڕابەرێکی پێشینەیی کۆمۆنیزمە؟ لە چەند شوێنێکی ڕۆمانەکەی هاوارد فاستدا چەند وشەیەکی دیاریکراو لە دەمی یەکێک لە ڕابەری کۆیلەکان دەردەچێت:" هەرچی شتیک ئێمە دەیبەخشین و بەدەستی دێنین، تێدا بەشدارین، وە هیچ مرۆڤێک خاوەنی هەموو شتیک نیە جگە لە چەک و جلەکانی نەبێت. ئەمە دەبێت بەو ڕێگەیەی کە لە سەدە کۆنەکاندا هەبوو". بەڵام ئایا فاست لە کوێوە ئەم ئایدیایە دێنێت؟ ئەوە من بە تەواوی نازانم، بەڵام مومکین نیە کە جۆرێک لە کۆمەنیزیزمی سەرەتای و لە هەمان کاتدا ئایدیای یەکسانیخوازی لەو زەمەنەدا بونی هەبێت— ئەمەش بەو شێوەیەی کە دواتر لە نێو کریستیانەکاندا دەرکەوتە ڕوو.

ئەوە شتێکی مومکینە کە ڕەوتی یۆتۆپی یان کۆمۆنیستی لە شۆڕشی مەزنی کۆیلەکانی ساڵی [٧١پ ز]دا هەبوبێت، ئەمەش لە سەر ئەساسی یادەوەرییەکی لێڵ و تاریکی ڕابردوویەکی دوور کاتیک مرۆڤ بەگشتی یەکسان و خاوەندارێتییەی هاوبەشی هەبوویێت. بەڵام ئەگەر ئەوە دۆخەکە بێت، ئەوە پێویست بوو سەیری دواوە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ کۆمۆن وەک لە جیاتی پێشەوە، وە ئەو کات وەک کۆمۆنیستێکی بەکاربەر خۆیان مانیسفێست دەکرد(هاوبەشیکردنی یەکسان) نەک بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵ و هەرەوەز.

لە دۆخێکی پێدراوی وادا، ئەم جۆرە بژاردانە ڕەوتی گشتی کۆمەڵگا نەک بەرەو پێش بەڵکو بەرەو دواوەوە دەبات. کۆمۆنیزمی ڕاستەقینە و( کۆمەڵگای بێ چین[11]) ناتوانرێت لە سەر بناغەیەکی دواکەوتوانەی توندوتیژی وادا بونیاد بنرێت. دەکرێت لە سەر گریمانەی گەشەسەندنێکی بەرزی هێزی بەرهەمهێنان بونیادبنرێت، وەک ئەوەی پیاو و ژن بتوانن ئازاد بن لە بەرپرسیارێتی و ئەرکی کار، وە بتوانن خاوەنی کاتە پێویستەکان بن بۆ گەشە و بەرەو پێشبردنی تەواوی وزە و پۆتێنشیاڵی مرۆڤ. ئەم هەلومەرجە ماتریاڵییانە لە زەمەنی سپارتاکۆسدا وجودی نەبوو.

چی *ڕووی دەدا گەر کۆیلەکان براوە بوونایە؟* گەر ئەوان لە داڕوخان و سەرنگومکردنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم سەرکووتوو بونایا، ئەو کات دەور و نەخشی مێژوو بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕانی بە سەردا دەهات. بە دڵنیاییەوە، ئەوە مومکین نیە بڵێین بە دەقیقی بەرهەمی ئەوە چی دەبوو. لەوانە بوو کۆیلەکان سەربەست بونایە— هەرچەندە تەنانەت نەدەتوانرا ئازادی لە پێناو بەخشیندا بدرێت. تەنانەت ئەگەر ئەوە ڕوویدابایە، ئەوە ئەو کات پێوەرێکی بەرزی گەشەی هێزی بەرهەمهێنانی دەبەخشی، بە واتایەکی تر مەیل و ئاراستەی گشتی بە ڕێڕەوێکی نەوعیی فیوداڵیزم دەگەشت.

دوای چەندین سەدە، هەمان شت لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتدا دەستی پێکرد، کاتێک ئابوریی کۆیلە گەشت بە دوا ڕادە و سنوری خۆی پاشان ڕۆچونە نێو قەیرانەوە. ئەمەش بە واتای ئەوەی کۆیلەکان "ئازاد"بوون بەڵام جارێکی دیکە لە شێوەی کۆیلەی زەوی لکان بە خاک و بوون بە سێرفەکان [کۆیلەی زەوی]. گەر ئەمە لەزەمانی زوودا ڕوویبدایە، پێدەچوو سیستەمی ئابوری و گەشەی کشتوکاڵ برەوی وەرگرتایە و تەنانەت خێرا بەرەو پێش برۆشتایە، وە لەوانەش بوو لە ڕۆشتنی بەشەریەت بە نێو وەحشییەتی سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست ببەخشرایە.

---

[11]. Classless society

سەرەڕای ئەوە، ئەمە تەنها پێشبینی و گریمانەیەکە[12]. ڕاستی ئەوەیە کە ڕاپەڕینەکە سەرنەکەوت، یان لە بەر چەند فاکتەرێک سەرنەکەوت. مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا ئەوە ڕووندەکەنەوە **کە مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان تا ئێستا مێژووی خەباتی چینایەتی بووە:**

**"ئازاد و کۆیلە، ڕەشوڕووت و ئەرستۆکرات{پاریسەن و پلەبییەن[13]} ، لۆرد و سێرفەکان، وەستا و شاگرد، بە کورتی بڵێین، چەوساوە و چەوسێنەر، هەمیشە دژی بە یەکتر لە ناو مێژوودا لە ناکۆکیدا بوون، جارێک بە ئاشکرا و جارێک بە نهێنی لە ململانێیەکی بەردەوام و نەپچڕدا بەشدار بوون، شەڕێک کە هەر جارێک، لە سەر شێوەی ئاڵوگۆڕی شۆڕگێڕانەی سەرتاپای کۆمەڵ کۆتاییهاتووە، یان لە سەر وێرانبوونی هەردوو چینی دژ بە یەک کۆتاییهاتووە.**

چارەنووسی ئیمپراتۆریای ڕۆمان [نمونەیەکی] سەرنجڕاکێشی جۆری دووەم بوو. هۆکاری بنەڕەتی ئەوەی بۆچی سپارتاکۆس لە کۆتایدا شکستی هێنا، لە ڕاستیدا ئەوە بوو کە کۆیلەکان لینکێکی پتەویان لە گەڵ پرۆلیتاریای شارەکاندا نەبوو. تا کاتێک دواتر بەردەوامبن و پشتگیری شۆڕش و دەوڵەتەکە بکەن، سەرکەوتنی کۆیلەکان مومکین نەبوو. بەڵام پرۆلیتاریای ڕۆم، بە پێچەوانەی پرۆلیتاریای مۆدێرن، چینێکی بەرهەمهێن نەبوون. بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی بوون لە چینی مشەخۆر کە لەسەر شێوەی کۆیلەی کار دەژیان، تەنانەت لە هەندێک ڕووەوە پشتیان بە ئەربابەکانیان دەبەست.

شکستی شۆڕشی ڕۆمان ڕیشەکەی لەو ڕاستیەدایە. کە دەرەنجامی کۆتایی داڕووخانی کۆماری و هەستانی ستەمکارێکی دڕندە بوو لە ژێر سێبەری ئیمپراتۆریادا، ئەمەش بە واتای بەرەو زەمەنێکی درێژی پوکانەوەی ناوەکی دەچێت، تاکو لاوازبوونی ڕەهەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی وە لە کۆتاییدا داڕمانی بۆ نێو بەربەریزم.

دیمەنی ئەو خەڵکە هاڕاوو داپڵۆسراوە کە ڕاپەڕینیان بە چەکەکانی دەستیان بەرپاکرد و بەزین دوای بەزین لەسەر دەستی مەزنترین و بەهێزترین سوپای جیهان دەخستە سەر یەکتری، هاوزەمان ئەم ڕاپەڕینە یەکێکیش بوو لە سەرسوڕهێنەرترین جوڵانەوە و ڕوداوەکانی نێو مێژوو. لە کۆتایدا، سپارتاکۆس شکستی هێنا. مومکین بوو شۆڕشەکەی وەک چارەنوسی زۆرینەی شۆڕشەکانی دیکە مەحکوم بێت بە شکست. بەڵام ئەم لاپەڕە پڕ سەروەرییە لە مێژوودا هەرگیز بیرناچێتەوە و لە گەڵ ئەوەشدا مۆتیڤێکی بەهێزی ڕەگەزی مرۆڤ

---

[12]. Speculation

[13].patrician and plebeian: کەسانی چینی دەسەڵاتدار بە لە کۆمەڵگای ڕۆمی کۆندا بە پاتریسیەن دەناسرێن، ئەوانەشی کۆیلە نەبوون و لە دەسەڵاتیشدا نەبوون بە پلەبیەن دەناسران- و

بوو بۆ سەرخستنی خۆشەویستی حەقیقەت و دادپەروەری. زایەڵەی ئەم ڕاپەڕینە مەزن و زەبەلاحە دەنگدانەوەی سەدە و چەرخەکانی تێپەڕاند و ئێستاش بووە بە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بۆ هەموو ئەوانەی کە درێژە بە خەباتێک دەدەن بۆ دنیایەکی باشتر.

لەندەن، ٢٠ی مارچی، ٢٠٠٩

سەرچاوە:

Spartacus - a real representative of the proletariat of ancient times, Alan Woods 2009: www.marxist.com.